زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

06

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

حبیب محمد سعید

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

بسم الله الرحمن الرحیم

**عەبدوڵڵای**

**کوڕی مەسعوود**

# عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود

**نوسینی**
حبیب محمد سعید
**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
**نەخشەسازی ناوەوە**
زەردەشت کاوانی
**خەت**
نەوزاد کۆیی
**بەرگ**
ترایزۆن
**قەبارەی کتێب**
١٤×٢١ - ( ٦٠ ) لاپەڕە
**نۆرە و ساڵی چاپ**
دووەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦ ز
**تیراژ**
٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی ( ١٩ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing

**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر ٦

# عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود

نوســینی

حبيب محمد سعيد

چاپی دووەم

التفسير

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## ئازیزەکانم! ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکرێ گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتەدی..

## پێشکەش

پێشکەش بێت بە هەڵگرانی قورئان..
بە شوێنکەوتوانی قورئان.
بەوانەی ژیانیان تەرخان ئەکەن بۆ ڕێبازی قورئان، تا مرۆڤایەتیی لە سایەیا بحەسێتەوە..

## پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسولنا محمد و
على آله وصحبه أجمعين

کاتێ مرۆڤ سەرنجی ئەو کۆمەڵە ئەگرێ کە لە سەردەمی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم ئیسلام پەروەردەی کرد، تێ ئەگا کەبەبێ ئیسلام ڕزگار بوون نیە و ئادەمیزاد تەنها لە سایەی ئیسلاما لە گەورەیی و خاوەن ڕێزی خۆی تێ ئەگا و، تەنها ئیسلامە ئەگاتە فریای چەوساوان، تەنها ئەم و بەس.

چونکە ڕێبازەکانی تر زۆر مرۆڤیان پێ گەیاندووە و بەرزیان کردۆتەوە، بەڵام با لێمان نەشێوێ کەوا ئەوانەی بەرنامە نەفامی یەکان پێ یان ئەگەیەنن زۆر کەمن وە کە ئەمانە بەرز ئەبنەوە نابنە مرۆڤی خۆنەویست و دڵسۆز و ڕاستی ویست، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەدوای پەیداکردنی دەسەڵات، هەمو هەوڵ و کۆششێکیان ئەکەوێتە سەر پارێزگاریی پایەو پلەکەیان و خەریك ئەبن بە رابواردن و بەرەڵایی یەوە، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەك ئەگرنە بەر لە کوشتن و بڕین و بەند

منتدى اقرأ الثقافي

کردن و تەڵە نانەوە بۆ لەناوبردنی ئەوانەی دەستی گڵاویان بێزار ئەبن.

بەڵام دەست نەمامەکانی ئیسلام، لەژمارە نایەن، بەڵکو مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتی یان پێ ڕازاوەتەوە، کە هەریەکەیان ئەستێرەیەکی گەشە و نموونەی مرۆڤی ڕاستەقینەیە.

جا با بە پشتیوانی خوا چەند ماوەیەك لەگەڵ قوتابی یەکی خۆنەویستی قورئاندا بژین، بەشکوم خوای گەورە یارمەتیمان بدات تا هەمیشە دڵمان وابەستەی ڕێبازی قورئان بێت و بۆ لای هیچی تر ئاوڕ نەدەینەوە و، تەنها خواش بە کۆمەك و پشتیوانی خۆمان بزانین.

نووسەر

شەعبانی/ ١٤٠١ك

حوزەیرانی/ ١٩٨١ز

# ســپاردە

کاتێ کە خوا پێغەمبەری خۆشەویستی صلی الله علیه وسلم هەڵبژارد بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتیی لە جەور و ستەمی رژێمە شەیتانیەکان، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود هێشتا منداڵ بوو و، مەڕی بۆ یەکێ لە سەردارە بەناوبانگەکانی قوڕەیش ئەلەوەڕان کە ناوی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیط بوو. ئەم کوڕە هەرچەندە هەواڵی دینی تازە و پێغەمبەری ئەبیست، بەڵام ماوەیەك گوێی نەدایە، لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی کە منداڵ بوو و، لەلایەکی ترەوە زۆر کەم تێکەڵی کۆمەڵی مەککە ئەبوو، چونکە لەگەڵ بەرەبەیانا بە خۆی و مەڕەکانی عوقبەوە لەماڵ دەرئەچوو و، لەگەڵ تاریکایی شەودا ئەگەڕایەوە ناوشار. بەم شێوەیە لەو ماوەیەدا ئەو دوور بوو لە زۆرانبازیی نێوان قوڕەیش و کۆمەڵە کەمە بێ دەسەڵاتەکەی قوڕئان کە بەو پەڕی کۆڵنەدانەوە سنگیان دەرپەڕاندبوو لە رووی زۆر و ستەم و دەست درێژیی نارەوای قوڕەیشدا. بەڵام هەرچۆنێ بێت بەر لەوەی موسوڵمانەکان ماڵی ئەرقەم بکەنە بنکە بۆ کۆبونەوە و گەیشتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆ پەروەردە کردنیان بە پەروەردەی ئیسلامیی، عەبدوڵڵا مسوڵمان بوو، کە شەشەم کەس بوو کەوتە شوێن بانگی ئیسلام.

## جا با بزانین هۆی مسوڵمان بوونی چیی بوو؟

عەبدوڵڵا (خوا لێی ڕازی بێت) خۆی ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ:

منداڵێکی پێگەیشتوو بووم و لە مەککەدا مەڕم ئەلەوەڕان بۆ عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیط. جارێکیان پێغەمبەر و صلی الله علیه وسلم ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) هاتنە لام و فەرموویان: ڕۆڵە شیرت لا نیە بماندەیتێ بیخۆینەوە؟

وتم: پێ سپێراوم، ناتوانم شیرتان بۆ بدۆشم، جا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: ئایا شەکێکت بەلاوە نییە کە تا ئێستا بەرانی نەگرتبێ؟ وتم: بەڵێ. چووم بۆم هێنان و ئەبوبەکر گرتی و پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم دەستی بە گوانیا هێنا و لە خوا پاڕایەوە و، گوانەکە شیری تێ هات. پڕ بوو لە شیر. ئەبوبەکریش بەردێکی چاڵی هێنا و شیری تێ دۆشی و هەردووکیان لێیان خواردەوە پاشان بەشی منیشیان دا. پاشان بە گوانەکەی فەرموو بێرەوە یەك، ئەویش هاتەوە یەك و وەك خۆی لێ هاتەوە، عەبدوڵڵا ئەڵێ: دوای ئەوە هاتمە خزمەتی پێغەمبەر و وتم: لەم وتە جوانەم فێر بکە، فەرمووی: تۆ ئێستا منداڵی دوایی فێر ئەبیت! دەستیشی بەسەرما هێنا و فەرمووی: خوا خێر و فەڕ بڕژێنێ بەسەرتا.

ئەم ڕوداوە کارێکی گەورەی کردە سەر عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، تا لە قوڵایی دڵیا جێگیر ببێ کە ئەمە یارمەتیی خوا بوو بۆ پێغەمبەر و، ڕاستە، نێرراوی خوایە، بۆ دەرهێنانی مرۆڤایەتیی لە تاریکایی

ڕێبازی شەیتان، بۆ ڕۆشنایی ڕێبازی خوا. هەروەها ئەم ڕووداوە پاڵی بە عەبدوڵڵاوە نا تا لە قوڵایی دڵیا پێغەمبەر و هاوەڵەکەی خۆش بوێت و، ئەوانیش خۆشەویستیی ئەو چوویە دڵیانەوە و سەریان لە دەست پاکیی و ڕەوشت بەرزیی سوڕما بوو و، هیوای چاکەیان زۆر پێ هەبوو، پاشان زۆری پێ نەچوو عەبدوڵڵا هاتە لای پێغەمبەر و بە دڵ و بە گیان دەری بڕی کە ئەو زۆر خۆشحاڵە ببێتە ئەندامێکی کۆمەڵی خوا و، داوای لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کرد تا لەبەر دەستیا بمێنێتەوە و خزمەتی بکات، ئەویش ڕەزامەندی خۆی دەربڕیی.

ئیتر لەو ڕۆژە وە خوای گەورە دەرگای ڕۆشنایی لە عەبدوڵڵا خستە سەر پشت و بەختەوەریی هەردوو جیهانی پێ بەخشیی و، لە بەخێو کردنی مەڕی عوقبە وازی هێنا و هاتە خزمەتی خۆشەویستی خوا صلى الله عليه وسلم.

## لەپەنای کەعبەدا

بەڵێ عەبدوڵڵا بەخششی پەروەرگاری بەسەرا ڕژا و هاتە ریزی مسوڵمانە پێشینەکانەوە، جا خوا لێی رازیی بێت خاوەنی ئارام و بەرگە گرتنێکی بێ ئەندازە بوو بەرامبەر جەور و ستەمی قوڕەیش و، بەوپەڕی چالاکی یەوە دژی قوڕەیشی ستەمکار و خوانەناس ئەوەستا.

عەبدوڵڵا یەکەم مسوڵمان بوو بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز لە مەککەدا قورئانی پیرۆزی دا بە گوێی نەفامەکاندا.

ئەوە بوو رۆژێکیان کۆمەڵە کەمە بێ دەستەڵاتەکەی ئیسلام لە مەککەدا کۆبونەوە و وتیان: بەخوا هێشتا قوڕەیش ئەم قورئانەی بە دەنگی بەرز نەبیستووە، جاچ پیاوێ بەخۆیدا رائەپەرموێ و ئەیدا بەگوێیانا؟!

عەبدوڵڵا وتی: من ئەیدەم بە گوێیانا.

وتیان: ئەترسین قوڕەیش بێن بەگژتا، ئێمە پیاوێکمان ئەوێ کەس و کاری زۆری هەبێ، ئەگەر قوڕەیش نیازیان خراپ بێت، پارێزگاریی لێ بکەن، وتی: وازم لێ بێنن، خوا پارێزگارییم ئەکا.

بۆ سبەینێ لەکاتی چێشتەنگاودا هات بۆ مزگەوت و گەیشتە لای مەقامی ئیبراهیم و، قوڕەیشیەکانیش دانیشتبوون، بە پێوە دەستی بە خوێندنەوەی سوورەتی ( الرحمن ) کرد، هەروا لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بوو و، قوڕەیشیەکانیش سەرنجیان ئەگرت و ئەیان وت: ئەوە عەبدوڵلا چیی ئەڵێت؟ تیا چێت لەوە ئەخوێنێتەوە کە بۆ موحەممەد هاتووە. بەجارێ بۆی هەڵسان و دەستیان بە لێدانی دەم و چاوی کرد و ئەویش تا هەرچەندێ کە خوا ویستی لەسەر بوو لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو.

کۆمەڵی قوڕەیش هەڵوێستی نەفامانەی خۆی بە ئاشکرا دەربڕی و عەبدوڵلاش هەڵوێستی ئیسلامیی دەربڕیی.

قوڕەیش سەلماندی کە ئەیەوێ بە زۆر و ستەم دەنگی ڕاستیی کپ بکاتەوە و لەناوی بەرێت. عەبدوڵلاش سەلماندی کەوا هەڵگرانی بیروباوەڕی بێگەرد بە ترساندن و هەڕەشە دەست بەردار نابن و، تا نەفامیی هێز بخاتە کار بۆ چەوساندنەوەی ڕاستی ویستان و پەرچدانەوەی بیرو باوەڕیان، ئەمان زیاتر سوور ئەبن لەسەر باوەشکردن بە ڕاستییدا و زیاتر غیرەتیان ئەجوولێ بۆ سەروماڵ بەخت کردن لە پێناوی بانگی پیرۆزدا.

جا با ئەوانەی کە قورئان خوێنن و بە سەریەوە ئەژین چاك بزانن: قورئان ئەبێ پیاو بیخوێنێ و کە خوێندیشی ئەبێ لە هەڵویستی شیاوی خۆیدا بیخوێنێ و ئاوی گوێی ستەمکارانی پێ بدا. قورئان خوێندن ئەبێ خوێنی بۆ ئامادە بکرێ تا ئاڵای دوژمنانی ئیسلام داگیرێتە خوارەوە!

بە لێدانی قوڕەیش، خوێن لە لەشی عەبدوڵڵا سەری كردبوو، كاتێ گەڕایەوە ناو هاوەڵەكانی وتیان پێی: ئێمە لەمە ئەترساین. وتی: بەخوا دوژمنانی خوا ئێستە لە هەموو كاتێ زیاتر لەلام بێ بایەخن، ئەگەر بتانەوێ سبەینێش هەروا بە دەنگی بەرز قورئان ئەدەمەوە بە گوێیانا، وتیان: نەء، بەسە، ئەوەی ئەوان پێیان ناخۆش بوو دات بە گوێیانا، كۆمەك و پشتیوانیش هەر خوایە..

زۆر سەیرە. عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوودی هەژاری داماوی بێ دەستەڵاتی كرێ گرتە، كە مەڕی بۆ عوقبە بەخێو ئەكرد، ئەگەر بە شوێنێكا تێپەڕی بكردایە كە یەكێ لە دەسەڵاتدارانی قوڕەیشی لێ بوایە، سەری دا ئەخست و لە شەرما پێی نەهات بە یەكا، چونكە پەروەردەی نەفامیی وەهای راهێنابوو كە هەست بە بوونی خۆی نەكات. خۆی بە مرۆڤ نەزانێ. بەڵكو وا بزانێ بۆ خزمەتكاریی و شوێن كەوتن دروست كراوە و هیچی تر، بەڵام كە كاتێ بە تیشكی قورئان دڵە بێگەردەكەی رووناك بووەوە و لە ئامانج و مەبەستی بوونی تێگەیشت، بوو بەو پیاوەی كە دەسەڵات دارانی مەككە بە پەڕۆ شڕە بزانێ و بە دەنگێكی دلێرانە فەرموودەی خوایان بەسەرا بخوێنێتەوە. كاتێ كە مێشكی لە بیروباوەڕی نەفامیی رزگاری بوو، تێگەیشت كە ئەو و هاوبیرانی پێویستە بیر لە ڕزگاریی و ئازاد كردنی ئادەمی یەكان بكەنەوە بۆ دەرهێنانیان لە ژێر جەور و ستەمی ئەو نەخشە و پرۆگرامانەی كە ئارەزوو پەرستان كێشاویانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و چینەكانیان.

بەم شێوەیە پرۆگرامی ئیسلامیی دەروونی ئادەمیزاد ڕزگار ئەكا و بەرەو لێهاتن و جوامێریی دەستی ئەگرێ. ئەمڕۆش لە سەرانسەری سەرزەوییدا مرۆڤەكان وەك سەردەمی نەفامیی عەبدوڵڵا ئەژین.

هەست بە بونی خۆیان ناکەن، کاتێ کە مسوڵمان سەرنج ئەگرێت وا ئەزانێ ئەم جۆرە مرۆڤانە بە کەڵکی ئیسلام نایەن: سەیر ئەکا ترسنۆکیی و چاوچنۆکیی و ژێرچەپۆکیی و. هتد زاڵ بووە بەسەر دەروونیانا، ئەم هەژارانە دەسەڵاتیان نیە. ئەگەر خوا بۆیان بکا و تامی سێبەری پەروەردەی ئیسلامیی بکەن ئەوسا هەست بە بوونی خۆیان ئەکەن و بەرەو جوامێریی و دڵ دامەزراویی و پیاوەتیی هەنگاو هەڵئەگرن، ئێمەی مسوڵمان ئەوەندەمان لەسەرە ئیسلامی بێگەرد بە پێی توانا دەرخەین، ساخوا کۆمەك بێت..

عەبدوڵڵا بە مسوڵمان بوونی بووە پاڵەوانێکی چاونەترس بۆ پەرچدانەوەی بێ باوەڕیی. بوو بە موعجیزەیەکی پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیە وسلم کە زۆر لە شیری ناوگوانی مەڕە نەزاوەکە گرنگترە..

خۆزگەم بەو کاتەی کەوا مسوڵمانەکانی ئەم چەرخەشمان بە وێنەی عەبدوڵڵا بە خۆی و قورئانی پیرۆزەوە ترس و بیم لە خۆیان دور ئەخەنەوە و بە مەردانە بەرامبەر دوژمنانی مرۆڤایەتیی سنگ دەرئەپەڕێنن و پاڵەوانانە فەرموودەی خوا ئەگەیەنن بە مرۆڤایەتیی، بێ باك لە هەڕەشە و گوڕەشە و ئازار و جەوری لە سنوور دەرچووان. ئەگەر بانگی خوا نەبووایە چۆن عەبدوڵڵا ڕزگار ئەبوو؟ چۆن ئەو و هاوچەشنانی خۆیان بەخت نەکەن لە پێناویی بەرزیی قورئاندا چۆن مرۆڤایەتیی لە گەورەیی ئیسلام تێ ئەگات؟

عەبدوڵڵای هەژار. عەبدوڵڵای بێ کەس و کار و بێ پایە و پلە. عەبدوڵڵای لەش لاواز، ڕۆشنایی ئیسلام بووە خێر و ڕژا بەسەریا، هەرچەندە لەپێناویا تاڵیی و سوێریی چەشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بە

مەردانە شانی دایە ژێر ئازار و ستەم و، بەوپەڕی شانازییەوە خۆی ئامادەی چەشتنی سزا ئەکرد لە پێناوی قورئاندا..

ئەمەیە رێبازی پیاوان. ئەوانەی ئەیانەوێ غیرەت بخەنە کار و مەردایەتیی خۆیان بسەلمێنن و، ئەیانەوێ مافی خۆشیان و مرۆڤایەتیش بە دەست بێنن و، ئەیانەوێ بگەنە فریای خۆشیان و مرۆڤایەتیش بۆ رزگاربوون لە ئاگری گڕ بە گڕی جەهەنەم، با بێن سەیرێکی عەبدوڵلای پاڵەوان کەن. پیاو هەتا خۆی نەخاتە ئەولاوە و خۆی ئەکاتە قوربانی بیروباوەڕ نە خۆی و نە مرۆڤایەتیش سەربەرز نابێت. بۆیە ئەم رێگایەی عەبدوڵلا تاکە رێگایە بۆ رەزامەندیی پەروەردگار..

بەڵام ئەوانەی بە گۆشەگیریی مزگەوت رازیی ئەبن و خەمێکی چاك کردنی کۆمەڵ و لابردنی نەخۆشیە نەفامییەکان ناخۆن، ئەوانە کەڵك لە ئیسلام وەرئەگرن، وە نە ئیسلامیش کەڵکیان لێ وەرئەگرێت..

لەو کاتە بەدواوە عەبدوڵلاش کەوتە ژێر پلاری ئازار و لێدانی قورەیشەوە، بە تایبەتیی ئەبوجەهلی فەرمانڕەوای مەککە کە لەگەڵ مسوڵمانە بێ دەسەڵاتەکانی تردا ئازاری ئەدان. عەبدوڵلاش وەك برا مسوڵمانەکانی تری دانی گرت بەخۆیا و کۆڵی نەدا هەرچەندە ئەو ئازار و سزایە لە وزەی لاشەی کەم هێزی ئەوا نەبوو...

جا کاتێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رێگای مسوڵمانەکانی دا تا کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، بۆ وڵاتی پاشای دادپەروەر ( نەجاشیی )، عەبدوڵلاش یەکێ بوو لەو کۆچکەرانە، هەرچەندە ئەم گەشتەیان پڕ مەترسیی بوو.

جا هەرچەندە مسوڵمانەکان لە حەبەشە بێخەم و سەربەست بوون، بەڵام خۆشەویستیی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەندێکیانی هەڵ پێچا و گەڕانەوە بۆ مەککە، بۆ سایەی حکومەتی جاهیلیی تا ئەوە بوو قوڕەیش دەستی دایەوە ئازار و لێدانیان لەجاری پێشوو خراپتر، تا خوای گەورە دەرووی لێ کردنەوە و دانیشتوانی مەدینە مسوڵمان بوون و، مسوڵمانەکان بە فەرمانی پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم کۆچیان بۆ مەدینە کرد، لەوێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و موعاذی کوڕی جەبەلی کردنە برا.

## سەرەنجامی نەفامان

عەبدوڵڵا لە هەموو جەنگە ئیسلامییەکاندا بەشداری کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی لەشکری خوانەناسیی و پتەوکردنی پایەی ئیسلام بە تایبەتیی لە رۆژی بەدرا گەڕا تا لاشەی ئەبوجەهل بدۆزێتەوە.

بەڵێ، ئەبوجەهل - کە سەرکردەی لەشکرە هەزار و سێ صەد سەربازییەکەی قورەیش بوو - بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی بەدر، جا هەرچەندە ئەبوسوفیان نامەیەکی نارد بۆ لەشکری قورەیش تا بگەڕێتەوە و بیر لە جەنگ و کوشتار نەکاتەوە، ئەبوجەهل، کە یەکەم ناحەزی پێغەمبەر بوو صلی الله علیه وسلم، گوێی نەدایە ئامۆژگارییەکەی ئەبوسوفیان و بە فیز و دەمارێکەوە بڕیاریدا و وتی: بەخوا ناگەڕێینەوە دواوە هەتا بگەینە بەدر و، سێ شەو و سێ رۆژ لەوێ بمێنینەوە و، ئاژەڵ سەربڕین و خۆراك ببەخشینەوە و مەی بخۆینەوە و کەنیزەکان دەست بە گۆرانیی و سەما بکەن و هەموو عەرەب بەم هەڵمەت و لەشکر و تفاقەمان بزانێ، با ئیتر هەتا هەتایە هەر لێمان بترسن. بڕۆن مەوەستن..

بەڵام ئەخنەسی کوڕی شەریقی سەقەفیی[1] کە سەردارێکی ژیری وتە بیستراوی بەنی زوهرە و سەرکردەیان بوو لەم هێرشەدا راکەی ئەبوجەهلی پەسەند نەکرد و دەستی کرد بە وتاردان بۆ لەشکرەکە و بەتایبەتیی رووی وتارەکەی کردە بەنی زوهرە:

ئەی بەنی زوهرە، خوا سامانەکەتانی رزگار کرد و، مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی خزمتانی دەرباز کرد، ئێوەش بۆ پارێزگاریی ئەو و سامانەکەی دەرچوون ئەم ترسنۆکییە بخەنە ئەستۆی من و بگەڕێنەوە، چونکە هیچ پێویست ناکا بەبێ هۆ بجەنگن، نەك بە وتەی ئەمە بکەن. ( واتە: ئەبوجەهل ).

بەمە هەموو پیاوەکانی بەنی زوهرە بە گوێی ئەخنەسیان کرد و تاقە پیاوێکیان بەشداری نەکرد لە جەنگی بەدرا، کە نزیکەی سێ صەد پیاو ئەبوون.

هەرچۆن بوو ئەبوجەهل پاشماوەی لەشکرەکەی بەرەو بەدر پاڵ پێوەنا، کاتێ گەیشتنە (العدوه القصوی) ی دۆڵی بەدر و کردیانە سەربازگەی خۆیان و عومەیری کوڕی وەهبیان نارد تا هەواڵی لەشکری مسوڵمانەکان بزانێ[2] و عومەیر هەواڵەکەی بۆ هێنانەوە دیسان هەندێ لە پیاوە ژیرەکانی مەککە دژی راکەی ئەبوجەهل وەستان کە ناودارەکەیان عوتبەی کوڕی رەبیعە[3] بوو بە کۆمەکیی

---

(١) لە ساڵی ڕزگار کردنی مەککەدا مسوڵمان بوو و بەشداریی جەنگی حونەینی لەگەڵ پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم کرد.

(٢) ئەمە لە نامیلکەی (عومەیری کوڕی وەهب) دا بە درێژە باسکراوە.

(٣) عوتبەی کوڕی رەبیعە: پیاو ماقووڵی قورەیش و یەکێك لە سەردارە ناودارەکانی بوو، خاوەنی ڕا و دانایەتیی بوو، بەڵام مسوڵمان نەبوو و لەبەدرا بەدەستی مسوڵمانەکان کوژرا.

حەکیمی کوڕی حەزام[1] ئەمانە رایان وابوو بەبێ جەنگ بگەڕێنەوە بۆ مەککە و واز لە لەشکری مەدینە بێنن..

بەڵام ئەو هەوڵ و کۆششە بێ هوودە بوو، بەڵکو ئەبوجەهل تووڕە بوو و عوتبەی بە ترسنۆك تاوانبار کرد گوایە لە خۆی و کوڕەکەی ئەترسێ بکوژرێن.

بە هەر شێوەیەك بوو ئەبوجەهلی داخ لەدڵ بەرامبەر ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام صلی الله علیه وسلم وتەکەی سەری گرت و هەموویانی ناچار کرد تا شوێن راکەی ئەو بکەون و دەست بدەنە جەنگ لەگەڵ مسوڵمانەکاندا.

ئەبوجەهلی دڵڕەش کە خاوەنی ئەو بڕیارەی ( دار الندوة ) بوو بۆ کوشتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەر لەوەی مەککە بەجێ بێڵێ و، لە هەموو کەسێ زیاتر پێی ناخۆش بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە دەستیان بەبێ وەی دەرچوو بوو. کاتێ دی وا هەردوو لەشکر بەرامبەر یەك وەستاون و لەشکری مەککە لە چەك و سەربازا لە لەشکری مەدینە زیاترە، وای زانی ئەمە هەلێکە و جارێکی تر بۆی هەڵناکەوێتەوە تا داخی دڵی بڕژێنێ بە لەشکری ئیسلام.

جا بۆ ئەوەی نارەزایی تر دروست نەبێت و بەئاواتی خۆی بگا بە تێشکانی مسوڵمانەکان، خێرا پیاوێکی داخ لەدڵی بانگ کرد کە ئەویش عامیری کوڕی حەضرەمیی بوو، کە برایەکی لەوە و

---

(١) حەکیمی کوڕی حەزام: برازای خەدیجەی دایکی مسوڵمانەکانە، لە مەککە و لە کەعبەدا لە دایك بووە، بەشداریی جەنگی (الفجار) ی کردووە، هاوەڵی پێغەمبەری خوا بووە، لە ساڵی رزگارکردنی مەککەدا مسوڵمان بووە، ئەڵێن (١٢٠) ساڵ ژیاوە. لەساڵی (٦٠)ی یان (٥٤)ی کۆچیی دا کۆچی دوایی کردووە.

پێش ( لە مانگی رەجەبی ساڵی دووەمی کۆچییدا ) بە دەستی مسوڵمانەکانی سریەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش کوژرا بوو، داوای لێکرد تا لەشکری قوڕەیش هەڵنێ لەسەر هەڵگیرساندنی جەنگ.

لێرەدا ماوە نیە بە درێژیی باسی هەڵوێستی مسوڵمانەکان بکەین، خوا کۆمەك بێت هەڵی ئەگرین بۆ شوێنی خۆی.

هەر چۆن بوو جەنگ گەرم بوو. بە فەرمانی پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم مسوڵمانەکان لەشوێنی خۆیانا دانیان گرت بەخۆیانا و کافران بە هێرش هێنان بۆ سەر ئەمان هەموو هێز و تینێکیان نەما و توشی زیانێکی زۆر بوون.

دوای ماندووبوونی بت پەرستەکان، فەرمان درا بەسەر سەربازە کۆڵنەدەرەکانی ئیسلاما تا ئەمان هێرشێکی مەردانە بەرنە سەر دوژمنان. تا بە یارمەتیی خوا کافران سەریان لێ شێوا و وەك دیواری لەقوڕ دروستکراوی رزیو شەپۆلە ئاوی بەهێز دایگرتبێتەوە تێك شکان، تا بە کوژراویی و تا بە زامداریی و تا بەدیل گیراویی و تا بە هەڵاتن کۆتایی یان هێنا بە جەنگ و ملیان شۆڕ کرد - نەك تەنها ملی خۆیان بەڵکو ملی هەموو هێزی نەفامیی دژ بەهێزی خواناسیی - تا بانگی پیرۆزی پەروەرگار دڵە پاکەکان پڕ بکا لە خۆشیی و بەختیاریی سەرکەوتنی رێبازی کەلك بەخش.

لەم هەڵوێستەدا ئەبوجەهل ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی کرد تا نەهێڵێ لەشکرەکەی پشت لە مەیدانی جەنگ بکا، بۆیە دوای هەموو هەوڵێك ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر وتەی زل و بۆش کە ئەی نرکاند: بیانگرن. بە لات و عوززا ناگەڕێینەوە هەتا موحەممەد و هاوەڵانی ئاوارەی کێوەکان نەکەین..

قوڕت بەسەر ستەمکاری گومڕا. وا ئەزانیت هێشتا مسوڵمانە بێ دەسەڵاتە کەم هێزەکانی مەککە وان لەبەر دەمتا؟! ئەو ڕۆژە نەما، بانگی ئیسلامیی کۆرپە بێت و ئەندامەکانی کەم و کەم هێز بن. بانگی رزگاریی بۆ خەڵکیی ساغ بووەوە و درۆ و فیشاڵی ئێوەمانانی دەست بڕیش دەرکەوت. تازە ئەو ڕۆژە نەما ئیماندارەکان بچەوسێنیتەوە. بانگی ئیسلامیی قۆناغی تازەی وەرگرتووە. ئیتر ئەمڕۆ بە دواوە ئەبێ تاڵاو و سوێراوی مەرگی بیروباوەڕە گەنیوەکەتان بچێژن.

ئیسلام بەرنامەی خوایە. شوێنکەوتووانیشی بێ باکن. لەکاتی ناسکدا دان ئەگرن بە خۆیانا تا ماوەی تاقی کردنەوەیان تەواو بکەن، ئەوسا کە خوا دەستی دان بە هەموو هێزێکیانەوە ئەکێشن بەتەوقەسەری نەفامییدا تا لە خراپکاریی و خوێن مژینی ئادەمیەکان دەستی کۆتا بکەن.

سەرکردەی بێ باوەڕیی جەنگی سەر و ماڵیی بیروباوەڕی ئەکرد. ئەوپەڕی ئازایەتیی و پاڵەوانێتی نواند تا ئاڵای شەیتان نەکەوێتە زەویی. لەکاتی تێ شکاوییدا هێشتا هەڵمەتی ئەبرد و بێ باکانە بەرگریی لە هێزی خواناسیی ئەکرد. کۆمەڵێکیش لە پیاوە دڵسۆزەکانی - کە یەکێکیان عەکرمەی کوڕی بوو - دەوریان دابوو و بە رمەکانیان پەرژینیان کردبوو تا دەستی پاڵەوانەکانی ئیسلامی نەگاتێ بیکوژن.

هەرکە مسوڵمانێ هەڵمەتی ببردایە بۆ مل پەڕاندنی سەرکردەی خوانەناسیی، پیاوە دڵسۆزەکانی ئەیانگێڕایە دواوە.

بەڵام بێ باکیی و کۆڵنەدانی مسوڵمانەکان لە کوێ و هی کۆمەڵی شەیتان لەکوێ؟! هەر ئەبێ پەرژینی ڕمەکانی ستەم و نارەوایی بشکێنن. بەڵێ هەڵمەتی موسڵمانەکان هیچ ڕەشەبایەکی

بەهێزی نەئەگەیشتێ. موسڵمانەکان ڕۆژیانە تا ژاراوی نەفامیی بێننەوە بەلای کەلاوەی سەرۆکی دەوڵەتی خوێنمژییدا. هەرچەندە دەوری سەخت و مەحکەم بێت هەر ئەبێت خۆیان بگەیننە ئەبوجەهل. بە هەڵمەتی شێرانەی موسڵمانەکان، کە بەدەنگی بەرز ( أَحَدٌ، أَحَد ) یان ئەوت و مەیدانیان هێنابووە لەرزە، پاسەوان و فیداکاران ناچاربوون ڕێگایان بۆ چۆل کەن. بەم شێوەیە شمشێری هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕزگاریخواز گەیشتە گەردنی سەرۆکی بت پەرستیی و لەدوای جەنگێکی سەروماڵیی کەوتە زەویی و لەناو خوێنەکەیدا ئەگەوزایەوە..

یەکەم مسوڵمانێ کە هەلی دەست کەوت و خۆی گەیاندە ئەبوجەهل (موعاذی کوڕی عەمری ئەنصاریی) بوو کە خۆی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ:

بەگوێی کۆمەڵی دەوروپشتی ئەبوجەهلەوە بووم کە وەکو درەختی پڕ دەوریان دابوو، ئەیانوت: ئەبولحەکەم دەستی کەسی ناگاتێ کاتێ ئەمەم بیست، خستمە ئەستۆی خۆم کەوا خۆمی بگەیەنمێ بۆیە رووم لێ نا، تا هەلم دەست کەوت هێرشم بردە سەری، شمشێرێکم دا لێی، پێی و نیوەی ڕانی پەڕاند، بەخوا کاتێ پەڕی لە هیچی نەئەکرد جگە لەناوکە خورما کاتێ لەژێر دەسکە دۆڵدا دەرپەڕێ. عەکرەمەی کوڕی شمشێرێکی لێ دام و قۆڵمی پەڕاند بەڵام بەپارچە پێستێکی تەنیشتما هەڵواسرابوو. بۆیە زۆر بە ناڕەحەتیی جەنگم پێوە ئەکرد، هەرچۆن بوو ئەو ڕۆژە تا ئێوارە من جەنگم پێوە کرد و بە دوای خۆمدا ڕام ئەکێشا، کاتێ ئێش و ئازاری زۆری بۆ هێنام ناچار خستمە ژێر پێم و خۆم دا بەسەریا و پچڕاندم و فڕێم دا.

پاشان ( مُعَوِذ - موعەوویز ) ی کوڕی عەفرائیش کە دی وا دەست و پێوەندەکەی خەمیان تەنها خۆ دەرباز کردنە و گوێیان نییە لە حاڵی ئاغاکەیان، خۆی گەیاندێ و دایگرتەوە هەتا خستیە گیانەڵا و ئەویش بە جێی هێشت، موعەوویز هەروا جەنگی کرد هەتا شەهید کرا.

پاشان عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود بەلای ئەبوجەهلا تێپەڕیی دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی دا تا چارەنووسی هەڵگیرسێنەری جەنگ بزانن و لە ناو کوژراوەکانا بۆی بگەڕێن.

لە کاتێکا کە عەبدوڵلا وەك خەڵکی تر بەناو کوژراوەکانا ئەگەڕا سەیر ئەکا وا ئەبوجەهل لەسەرە مەرگایە، لێی نزیك کەوتەوە، و پێی خستە سەر ملی تا سەری لە لاشەی جیا بکاتەوە، پێی وت:

ئایا خوا سەرشۆڕی کردی ئەی دوژمنی خوا؟ ئەبوجەهل وتی: جا بۆچی سەرشۆڕی کردم، لەوە چاکتر هەیە کەسێ خزمەکانی بیکوژنەوە؟ هەواڵم بدەرێ سەرەنجام بۆ کێیە؟

عەبدوڵلا وتی: بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەکەی و مسوڵمانەکانە.

ئەبوجەهل دەستی لەبنی کەنووی خاڵییەوە دەرچوو. هیچی بۆ نەمایەوە، دوای تیاچوونی خۆی و بیروباوەڕەکەی، ناچار پەنای بردە بەر تەشەرێك تا ڕۆژی ڕەشی پێ پینە بکا، بە عەبدوڵلای وت:

بەخوا چاك بەرز بویتەوە، ئەی مەڕ بەخێوکەر!

عەبدوڵلای خاوەن بیر و هەست و هۆش و زیرەکیی، شیاوی نزمیی نەبوو، بەڵام چی ئەکەی لە یاسای نەفامیی کە هەمیشە مافی لێهاتووان و تێگەیشتووان زەوت ئەکات و لە پلە بەرزەکان بێ بەشیان ئەکات؟

عەبدوڵلا ئەڵێ: وتم: من ئەتکوژم، وتی: تۆ یەکەم بەندە نیت کە ئاغاکەی خۆی کوشتبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ یەکەم داخی سەر

دڵمە ئەوەیە تۆ ئەمكوژی نەك قوڕەیشیەك!

عەبدوڵلا ئەڵێ:

پاشان سەریم لەلاشەی جیا كردەوە و هێنامە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە سەری ئەبوجەهلی دوژمنی خوایە، ئەڵێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: بەو خوایەی كە جگە لە خۆی خوایەكی تر نییە، بە ڕاستتە؟! ئەڵێ: ئەمە سوێندی پێغەمبەری خوابوو صلی الله علیه وسلم، وتم: بەڵێ، بەو خوایەی كە جگە لە خۆی خوایەكی تر نیە، پاشان سەرەكەیم فڕێ دایە بەردەست پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم.

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بە سەرسەریەوە وەستا و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە سەرشۆڕی كردی ئەی دوژمنی خوا، ئەمە فیرعەونی ئەم ئوممەتەیە، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شمشێرەكەی خۆی كردە خەڵاتم.

لەم جەنگەدا زۆربەی ستەمكارەكانی قوڕەیش بەسەری شۆڕ و ڕەنگی بزركاوەوە بە دۆزەخ گەیشتن[1] ئەوانەی كە سیانزەساڵی ڕەبەق

---

(١) بەتایبەتیی ئەو حەوت ستەمكارەی كە لەكاتێكا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە كەعبەدا نوێژی ئەكرد و سەجدەیەكی درێژی بردبوو. لەو كاتەدا كە ئەبوجەهلی ناپاك داوای كرد لەوانەی دەوروبەری تا یەكێكیان بڕوا و سیخوڕی قەسابخانەیەكی نزیك بێنێ و بیخاتە سەرشان و ملی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەر لەوەی لە سەجدەیەكەیا سەربەرز بكاتەوە.

تاوانباری هەرە گەورە عوقبەی كوڕی ئەبو موعیط خێرا پێی هەڵسا و هیچ مسوڵمانێ نەیتوانی بچێ لەسەری لابەرێ، ئەویش بە فەرمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی، تا فاطیمەی كچی هات و لەسەر شان و ملی دایگرت. پاشان كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە نوێژەكەی بۆوە سێ جار لە خوا

بە نارەوا موسڵمانەکانیان لە مەککەدا ئازار دا. کە ئەمانە هەنێکیانن:
عوقبەی کوڕی ئەبو موعیط[1] ی کۆنە ئاغای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود..
ئومەییەی کوڕی خەلەف، کە لە ستەمکارە مل هوڕەکانی قورەیش و کۆنە ئاغای بیلال بوو، کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە ئازاری ئەدا، تا بەشکوم لەرزەی پێ کەوێ و لە ئیسلام پەشیمان بێتەوە..
طوعەیمەی کوڕی عەدیی کە یەکێ بوو لە سەردارانی قورەیش..
نەضری کوڕی حاریث کە هەڵگری ئاڵای قورەیش بوو..

---

پاڕایەوە بۆ لەناوبردنی قورەیش بە تایبەتیی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و عوقبەی کوڕی ئەبو موعیط و ئەبوجەهل و وەلیدی کوڕی عوتبە و ئومەییەی کوڕی خەلەف و عومارەی کوڕی وەلید. تا ئەوە بوو هەموویان لە ڕۆژی بەدرا بە کوژراویی و بەسەری شۆڕەوە قلْپ کرانەوە ناو بیرەکەی بەدر.

(١) ئەم تاوانبارە لە مەککەدا بەر لە کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە لەگەڵ ئوبەی کوڕی خەلەفدا بەینیان زۆر خۆش بوو، جا کە ئوبەی بیستبووی وا عوقبە لە خزمەتی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم دانیشتووە و گوێی لێ گرتووە. هاتە لای و پێی وت: بۆ نەمبیستووە تۆ لەگەڵ موحەممەددا دانیشتووی و گوێت گرتووە بۆ قورئانەکەی؟ ڕوومەتم لە ڕوومەتت حەرام بێ ئەگەر قسەت لەگەڵ بکەم (پاشان سوێندی زۆری خوارد) ئەگەر دانیشتبی لەگەڵیا و گوێت بۆ گرتبێ، یا نەچیت و تف بکەیتە ڕوومەتی، عوقبەی دوژمنی خواش - بەر نەفرینی خوا کەوێ - بە گوێی کرد تا ئەوە بوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەسەر ناردە خوارەوە:
﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾ (الفرقان). السيرة النبوية / إبن هشام: ١ / ٣٨٧.

شەیبەی کوڕی رەبیعە و عوتبەی برای و وەلیدی کوڕی عوتبە و حەنضەلەی کوڕی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب وە عامیری حەضرەمیی کە هەڵگیرسێنەری جەنگەکە بوو، کە بەدەنگی بەرز هاواری ئەکرد ( وا عمراە ) تا دڵی قورەیش بێتە جۆش و هەڵمەت بەرن. ئەمانە و هی تر کە ژمارەیان ئەگەیشتە حەفتا پیاو..

زۆر سەیرە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی ستەمکاران دژی بانگەوازی ئاشتیی و دادپەروەریی ئەوەستن، کەچی سەرەنجامی هەموویشیان یەکێکە، ئەویش سەرشۆڕ بوون و تیاچوون. ئەمانە لەکاتی دەسەڵاتیانا هەرچی یان لە دەست بێ درێغیی ناکەن، ئازار و ستەمی بێ ئەندازەی موسڵمانەکان ئەدەن، بەڵام خۆیان گێل ئەکەن و سەرنج نادەن تا سەرەنجامی خۆیان بێننە بەرچاو کاتێ خوای گەورە - دوای دەرچوونی موسڵمانەکان لە تاقی کردنەوەدا - لا ئەکا بە لایانا و هێزێکی ئەخاتە کار بۆ لەناو بردنیان و ڕووڕەش کردنیان لەناو گرۆی ئادەمیزدا. ئەمە دڵدانەوەیە بۆ هەڵگرانی قورئان تا هەرگیز جەور و ستەمی خوا نەناسان کاریان تێ نەکا و بە دڵ لایان روون بێ هەر ساتێ خوا ویستی لەسەر بێ، زۆر بە ئاسانیی تۆڵە لە ستەمکاران ئەکاتەوە.

# قوتابیی قورئان

کۆمەڵی موسڵمان ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی قورئان. بۆ خوێندنەوە و لەبەر کردن و شارەزابوون، دوای ئەوە ڕەفت کردن بەفەرمانە بەرزەکانی، بەڵام هیچکامێ لەو موسڵمانە بەڕێزانە هاوشانیی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیان نەئەکرد لە قورئان خوێندن و شارەزایی یاسا و شەریعەتی خوادا. تا ڕادەیەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم زۆر پێی خۆش بووە کەوا ئەو قورئانی بۆ بخوێنێتەوە.

ڕۆژێکیان عەبدوڵڵای بانگ کرد و فەرمووی قورئانم بۆ بخوێنە!

عەبدوڵڵا وتی: قورئانت بۆ بخوێنم و قورئانیش بۆ تۆ هاتووە، ئەی پێغەمبەری خوا؟!

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی:

پێم خۆشە لەکەسانی ترەوە گوێم لێی بێ..

عەبدوڵڵا دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی (النساء) هەتا گەیشتە ئایەتی:

﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾ ﴾ (النساء).

به بیستنی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، پیغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم گریان زۆری بۆ هێنا و فرمێسك لە چاوەکانیەوە ئەهاتنە خوارەوە، بۆیە دەست نیشانی کرد بۆ عەبدوڵلا کەوا ئیتر بەسە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم زۆر بایەخی ئەدا بە عەبدوڵلا چونکە هەستی ئەکرد هەروەك لێبڕاوە بۆ شارەزا بوون لە قورئانی پیرۆز، هەروەهاش خاوەنی ڕەوشت و خوویەکی بەرز و دامەزراویی و لێهاتنێکی بێ وێنەیە، بۆیە ئەیزانی شایانی هەڵگرتنی قورئانە. شایانی ئەوەیە لە زانیاریی قورئان شارەزا ببێت. شایانی ئەوەیە مامۆستای مسوڵمانان بێت تا لە قورئانی پیرۆز شارەزایان بکات. بۆ ئەمە لە ئامۆژگارییە بەنرخەکانی عەبدوڵلای بێ بەش نەئەکرد. عەبدوڵلا ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ:

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتە ژوورەوە و فەرمووی:

ئەی کوڕی مەسعوود!

وتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا[1].

بانگ کردنەکەی سێ جارە کردەوە، پاشان فەرمووی:

ئایا ئەزانیی چاکترینی خەڵك کامەیە؟

وتم: خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی زاناترن.

---

(١) لبيك يا رسول الله..

فەرمووی: چاکترینی خەڵك ئەوانەن کە کردەوەکانیان چاکترینن ئەگەر لەدینەکەیان شارەزا بووبن.

پاشان فەرمووی: ئەی کوڕی مەسعوود!

وتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا.

فەرمووی: ئایا ئەزانیی زاناترینی خەڵك کامەیە؟

وتم: خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی زاناترن..

فەرمووی: زاناترینی خەڵك ئەوەیە کە لە هەموو کەس زیاتر راستیی بناسێ، کاتێ کە خەڵکەکە سەری لێ ئەشێوێ ئەوان سەریان لێ نەشێوێ و لە نێوان خۆیانا ناجۆر نەبن، ئەگەرچی بەسەر پشتیا بخشێت بەسەر زەوییدا. ئەو نەتەوانەش کە لەپێش منا بوون لەنێوان خۆیانا ناجۆر و بەش بەش بوون. بون بە حەفتا و دوو پێڕەوە کە تەنها سیانیان رزگاریان بوو ئەوانی تر هەموویان تیا چوون. کۆمەڵێکیان لە فەرمانی پاشاکانیان دەرئەچوون و لەسەر دینەکەیان و دینی عیسای کوڕی مەریەم ( سەلامی لەسەر بێت ) ئەچوون بەگژیانا و ئەوانیش ئەیانگرتن و ئەیانکوشتن و بەمشار لەشەیان لەت ئەکردن، لە ریوایەتێکا: کۆمەڵێکیان لەنێوان پاشا و ستەمکارانا ئەمانەوە و بانگیان ئەکردن بۆ سەر دینی عیسا. جا ئەگیران و بە مشار لەت ئەکران و بە ئاگر ئەسوتێنران، ئەوانیش ئارامیان ئەگرت تا ئەگەرانەوە بارەگای خوا. کۆمەڵێکی تر توانای لە فەرمان دەرچوونی پادشاکانیان و نیشتەجێ بوون لە نێوانیاندا و بانگ کردن بۆ لای خوا و دینی عیسایان نەبوو، لەبەر ئەوە وڵاتیان بەجێ ئەهێشت و خۆیان ئەکردە راهب، فەرمووی: ئەمانەش ئەوانەن کە خوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرموێ:

﴿..وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَـٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ..﴾[1]، جا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: جا هەرکەسیان بڕوای پێ هێنام و بە راستگۆی زانیم و کەوتە شوێنم ئەوە توانیویەتی بەڵێنەکەی بەرێتە سەر و بە باشترین شێوە بەڵێنەکە بپارێزێ. وە هەرکەسیش نەکەوتە شوێنم، ئەوە ئەوانە تیاچووەکانن.

بەم ئامۆژگارییە بەنرخانەی تاقە پێشەوا صلی الله علیه وسلم رۆژ بە رۆژ عەبدوڵلا دڵی گەرمتر ئەبوو، تا زیاتر هەوڵی وەرگرتنی زانیاریی قورئان بدا و بیکاتە ژیانی رۆژانەی تا ئەو پیاوەی لێ دەرچوو کە دۆست و دوژمن باسی ئەکەن..

پاشان لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا کە قورئانی پیرۆز ئەهاتە خوارەوە، لەو ناوچەیەدا، خوێندەواری کەم بوو، خوا وای بۆ عەبدوڵلا کرد بە هۆی خوێندەوارییەوە ببێتە یەکێك لە نووسەرانی وەحی، تا هەرکاتێ قورئان بهاتایاتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بینووسیایە. بەم شێوەیە کەوا حەفتا سوورەتی قورئانی لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەرگرتووە بێ ئەوەی کەس بتوانێ شان بدا لە شانی.

---

(١) سوورەتی ( الحدید / ٢٧ ). خوای گەورە باسی شوێنکەوتووەکانی عیسا پێغەمبەر - علیه السلام - ئەکات کە هەر لە هەمان شوێنا ئەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً. بەم شێوەیە شوێنکەوتوانی مەسیح - علیه السلام - بەرێك و پێکیی سۆز و بەزەیی و دڵی پاکەوە کەوتە شوێنی. بەڵام هەندێکی تریان - لە بەر خۆیانەوە - بۆ رازیی کردنی خوا دەستیان دایە گۆشەگیریی و دنیا نەویستن - بێ ئەوەی خوا لەسەری فەرز کردبن - بەڵام بەدوایا دەری ئەبڕێ کە نەیانتوانیی ئەم بەڵێنە بەرنەسەر: ﴿فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا..﴾

ئەمە وای کردووە لە عەبدوڵڵا تا شەیدای خوێندنەوە و شارەزا بوون لە فەرمانەکانی قورئانی پیرۆز ببێت و لەئەنجاما ببێتە مامۆستای قورئان خوێنان..

جارێکیان پیاوێك هاتە لای عومەری کوڕی خەططاب کە لە عەرەفەدا وەستابوو، پێی وت: ئەی ئەمیری مسوڵمانان، من لە کوفەوە هاتووم، وا لەوێ پیاوێك لەبەر خەریکی قورئانە. بە بیستنی ئەمە عومەر - خوای لێی ڕازیی بێت - زۆر توڕە بوو، چۆن ئەبێ فەرمایشتی خوا. بەرنامەی هەمیشەیی موسڵمانان . قورئانی پیرۆز. لەبەر بنوسرێتەوە؟ ئەوەندە توڕە بوو، لە داخا لەشی ئاوسا و لەناو زینی وڵاغەکەیا جێی نەئەبۆوە، لە پیاوەکەی پرسی: ئەو پیاوە کێیە؟ وتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودە، بە بیستنی ئەمە عومەر دامرکایەوە و هاتەوە سەرخۆی، پاشان فەرمووی: بەخوا باوەڕ ناکەم کەسێکی تر مابێ لەو لە پێشتر بێ بۆ ئەو کارە و، ئێستە ئەوەت بۆ باس ئەکەم. عومەر فەرمووی:

شەوێکیان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە ماڵی ئەبوبەکر بوو لەبارەی موسڵمانەکانەوە وت و وێژیان ئەکرد و، منیش لەگەڵیان بووم. لەدواییدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتە دەرەوە ئێمەیش لەگەڵیا هاتین، سەیر ئەکەین پیاوێك وا لە مزگەوتا و نوێژ ئەکات، بێ ئەوەی ئێمە بزانین کێیە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەستا گوێی گرت بۆ قورئان خوێندنەکەی، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لامان و فەرمووی:

(( من سره أن يقرأ القرءان رطباً كما نزل، فليقرأه على قراءة إبن أم عبد )).

واتە: هەرکەس حەز ئەکات قورئان بە تەڕ و پاراویی هاتنە خوارەوەی بخوێنێ، با لەسەر شێوەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود بیخوێنێ..

پاشان عەبدوڵڵا دانیشت و دەستی کرد بە پاڕانەوە و پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: داوا بکە ئەتدرێتێ. داوا بکە ئەتدرێتێ..

عومەر فەرمووی:

لە دڵی خۆما وتم: بەخوا ئەبێ بەیانیی بچم بۆ لای عەبدوڵڵا و لەسەر پاڕانەوەکەی مژدەی فەرموودەکەی پێغەمبەری بدەمێ. کە بەیانیی رۆیشتم ئەبینم ئەبوبەکر پێشم کەوتووە و مژدەی داوەتێ، دە بەخوا لە هیچ کارێکی چاکەدا نەکەوتوومەتە پێش ئەبوبەکر، بەڵکو هەمیشە ئەو پێشی من کەوتووە!

فەرموودەکەی عومەر تەواو بوو..

بەڵێ ڕەوشتی کۆمەڵی مسوڵمانان ئەبێ هەمیشە وا بێ، ئەو کۆمەڵەی کە قورئان پەروەردەی ئەکات، پێویستە هەمیشە چاك ویست بێت. بە پێچەوانەی کۆمەڵەی شەیتانەوە، کە بە شێوەیەك پەروەردە ئەکرێت تا تۆوی چاوچنۆکیی و تێر نەخواردن و خۆویستن و خۆپەرستن لە دڵ و دەروونیا بڕوێنێت و بیکاتە ئاژەڵێکی خراپ ویست و خۆپەرست..

ئەو کۆمەڵەی کە قورئان پەروەردەی بکات مەبەستی خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، ئەگەرچی لەپێناویا ئەوپەڕی تاڵیی و سوێریی بچێژێت، کە هەر ئەم پەروەردە خواییە بوو وا پاڵی ئەنا بە ئەبوبەکر و عومەر و موسڵمانەکانی ترەوە تا بە پەرۆشەوە - نەك تەنها لەم ڕووداوە بچکۆلەیەدا بەڵکو لەسەرانسەری ژیانیاندا - هەوڵی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەموو چاکەیەك بدەن و لە پێناوی حەسانەوە و دڵ ئارامیی و بێ وەیی ئادەمیزاددا خۆیان ماندوو بکەن..

بەڵام ئەگەر سەرنجی مێژووی دوور و درێژی نەفام و لە خوا یاخییەکان بدەین سەیر ئەکەین پڕیەتی لە وێنەی نالەبار و تەڵەی ناڕەوا و بوختانی نەشیاو بۆ پێ برینەوەی یەکتریی و لە ناوبردنی دۆست و خۆشەویستی سەرزاریی، ئەمەش تەنها لەبەر ئارەزووی دەروونە نزمەکانیان و رازیی کردنی شەیتانی مامۆستایان..

شارەزایی و پیاو چاکی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود بەجوانیی لەدڵی عومەرا جێی بوو بوویەوە. بۆیە ئەوپەڕی پلە خۆشی ئەویست و رێزی ئەگرت زیاد لە هەموو موسڵمانێکی تر. هەروەها عەبدوڵڵاش عومەری زۆر خۆش ویستووە. موسڵمانێك ئەگێڕێتەوە کە هیچ رۆژێك وەك رۆژی کۆچکردنی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود نەدیوە وا بگرییێت و خەمبار بێت. خوا لێیان رازیی بێت.

مانەوەی عەبدوڵڵا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا و لێبڕانی بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز بە بەردەوامیی و کۆڵنەدان وای کرد ببێتە شارەزاترین موسڵمان لە قورئانا، ئەوەتە خۆی ئەفەرموێ: بەو خوایەی کە لە خۆی بەولاوە پەرستراو نییە، هەرچی ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز هاتبێتە خوارەوە، ئەزانم لە کوێ هاتۆتە خوارەوە و، ئەشزانم لەبارەی چییەوە هاتووە، وە ئەگەر بمزانیایە لەسەر زەوییا کەسێکی تر هەیە لە من زیاتر لە قورئان شارەزایە و ئەتوانم بیگەمێ، ئەچووم بۆ لای.

بەڵام لە یادمان بێ هاوەڵانی پێغەمبەر، قوتابی یە راستەقینەکانی قورئان، وەها پەروەردە نەکرابوون کە بەزیادە ڕەویی باسی خۆیان بکەن..

ئەوەتا عومەر کوڕی خەططاب - خوا لێی ڕازی بێت - باسی تاقی کردنەوەیەکی عەبدوڵڵا ئەکات، کە عومەر لە شەوێکی تاریکەدا و لە گەشتێکیا تووشی ئەبێت، عومەر بۆ ئەوەی لە دوورەوە بزانێ کێن، فەرمانی دا بە پیاوێك تا لێیان بپرسێ بزانێ: لە کوێوە هاتوون، عەبدوڵڵا لە وەڵاما وتی:

(( من الفجِ العميق )).

پیاوەکە وتی: کوێتان ئەوێ؟ عەبدوڵڵا وەڵامی دایەوە:

(( البيت العتيق )).

عومەر فەرمووی: دیارە شارەزای قوڕئانیان لەگەڵایە.

فەرمانی دا بە پیاوێك تا بانگیان لێ بکا: گەورەترین ئایەتی قوڕئان کامەیە؟

وەڵامی دایەوە: [الله لا إله إلا هو الحي القيوم لا تأخذه سنة ولا نوم...].

فەرمووی: بانگیان لێ بکە: دادپەروەرترین ئایەتی قوڕئان کامەیە؟

وەڵامی دایەوە: [إن الله يامر بالعدل والإحسان وإيتاء ذي القربى].

عومەر فەرمووی: بانگیان لێ بکە: کۆترین ئایەتی قوڕئان کامەیە؟

وەڵامی دایەوە: [فمن يعمل مثقال ذرة خيراً يره، ومن يعمل مثقال ذرة شراً يره].

فەرمووی: بانگیان لێ بکە: ترسێنەرترین ئایەتی قوڕئان کامەیە؟

وەڵامی دایەوە: [ليس بأمانيكم ولا اماني اهل الكتاب من يعمل سوءاً يجزَ به ولا يجد له من دون الله وليا ولا نصيرا].

فەرمووی: بانگیان کە: دڵخۆشکەرترین ئایەتی قوڕئان کامەیە؟

وەڵامی دایەوە: [قُل يا عبادي الذين أسرفوا على انفسهم لا تقنطوا من رحمة الله إن الله يغفر الذنوب جميعا إنه هو الغفور الرحيم].

فەرمووی: بانگیان کە: عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودتان لەگەڵە؟
وەڵامیان داوە: بەڵێ.

هەروەها ئەوەتا عومەر لەبارەی شارەزایی و ئاگاداریی عەبدوڵلاوە لە قوڕئان ئەفەرموێ:
(( لقد ملئ فقها )).

ئەبومووسای ئەشعەرییش بە موسڵمانەکان ئەڵێ: هەتا ئەو مامۆستایە لەناوتانابێ هیچ پرسیارێ لە ئێمە مەکەن.

هەروەها شارەزایی عەبدوڵلا لە ئیسلام لە پلەیەکدا بوو کەوا یەکێك بێت لەو حەوت هاوەڵەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم ناوبانگی فوتوا (فتوی) دانیان دەرچووبوو لەبەر شارەزایی و لە خوا ترسیی و دەست پاکی یان کە عومەری کوڕی خەططاب و عەلیی کوڕی ئەبوطالیب و خاتوو عائیشە و عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود و زەیدی کوڕی پابیت و موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵلای کوڕی عومەر بوون.

هەروەها هاوەڵان ئاگاداری لەخواترسان و دامەزراویی عەبدوڵلا بوون، جارێکیان کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەلای عەلیی کوڕی ئەبو طالیب خوا لە هەموویان ڕازیی بێت دانیشتبوون پێیان وت:

ئەی ئەمیری ئیمانداران، پیاومان نەدیوە لە ڕەوشت جوانییدا و، لە نەرمیی وانە وتنەوەدا و، لە چاکیی هاوەڵێتیدا و، لەخواترسییدا بگاتە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود.

عەلیی فەرمووی: ئێوە و خوا، ئایا ئەوە لە هەموو دڵێکتانەوەیە؟
وتیان بەڵێ.

فەرمووی: خوایە من تۆ ئەگرم بە شاهێد، خوایە منیش ئەوەی لەبارەیەوە ئەڵێم کە ئەوان وتیان، بەڵکو چاکتریش. لە ڕیوایەتێکی ترا ئەمەش نوسراوە: ئەو قورئانی ئەخوێند و حەڵاڵی حەڵاڵ ئەکرد و حەرامی حەرام ئەکرد و شارەزایی دین و زانای سوننەتی پێغەمبەر بوو.

ئەوەبوو موعاذی کوڕی جەبەل - خوا لێی ڕازی بێت - لە یەکێ لە جەنگەکانی نێوان ئیسلام و نەفامییدا پشتی لەپی دەستی بە ڕم بریندار بوو و، ئەی وت: ئەمەم لە ڕانە وشتر لا خۆشەویستترە. سەیری کرد پیاوێك کە لەلایا بوو وا ئەگرییێت، لێی پرسی: بۆچی ئەگریت؟ وتی: بۆ ئەو زانیارییە ئەگریم کە لە تۆوە دەستم ئەکەوت، (واتە ئەترسم تۆ بەم زامەت بمریت و زانیارییەکەتم لە دەست دەرچێ)، وتی: مەگری! لە سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەردا - علیه السلام - یەك زانا لەسەر زەوی یا نەبوو، کەچی خوای گەورە زانیاریی پێ بەخشی. جا ئەگەر من مردم زانیاریی لە چوار کەس وەربگرە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و سەلمان وە ئەبودەرداء خوا لێیان ڕازی بێت.

ئەم هەموو شارەزایی و ئاگادارییەی عەبدوڵڵا موعجیزەیەکی پێغەمبەری پێشەوامان بیر ئەخاتەوە، کاتێ عەبدوڵڵا داوای لە پێغەمبەر کرد کە ئەو وتەیەی فێر بکا کە بە وتنی شیر هاتە گوانی مەڕە نەزاوەکە، ئەوەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو:

( تۆ ئێستا منالی، دوایی فێر ئەبیت ).

دوایی فێر ئەبیت!

فێری چیی؟!

فێری قورئان. فەرمووده. شارەزا بوون لە ئیسلام، لە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتیی، لە دەستوور و یاسای راستە رێبازی خوا..

جا چیی هەیە لەوە چاکتر بێت تا عەبدوڵڵای دڵسۆز و دەست پاك فێری ببێ بۆ قازانجی خۆی و مرۆڤایەتیی؟!

بەڵام ئەم هەموو زانیاریی و شارەزاییەی عەبدوڵڵا بە تەنیا سوودی تەواوی لێ وەرناگیرێت ئەگەر نەیکاتە خوورەوشت و ژیانی رۆژانەی پێ نەرازێنێتەوە. ئەگەر ژیانی تەرخان نەکا بۆ خزمەتکردنی قورئان بەبێ هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی خۆیی. ئەگەر خۆی نەکاتە قوربانیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای قورئان و هیدایەت دانی سەر لێشێواوان. چونکە تەنها زانین بەس نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی ئیسلام..

عەبدوڵڵا لەسەر دۆشەك و مۆبێلە شارەزای قورئان نەبوو. عەبدوڵڵا لەسەر مێزی رازاوەی خواردن فێری ئیسلام نەبوو. عەبدوڵڵا لەبەردەم دەرگای کاربەدەستاندا ملی کەچ نەئەکرد تا بەخشیشی دەست کەوێ. بەڵکو موسڵمانانە بە خزمەت قورئان ئەگەیشت و لەگەڵیا ئەژیا، بۆیە کۆمەڵی موسڵمانان لە دەوری جەمیان ئەخوارد و بەو زانیارییە پڕ پیت و بەرەکەتەی بەهرەمەند ئەبوون..

بەر لەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین و دوای ئەوەی شتێك لە هەوڵ و کۆششی عەبدوڵڵا بۆ خزمەتکردنی قورئان تێگەیشتین، دوای سەرنج دانمان بۆ ئەم چەند صەدانەی دواوە کە بەجارێ پشت لە قورئان کرا، بە پێویستی ئەزانم بپرسین:

## بۆچی موسڵمانەکان بەم شێوەیە

## وازیان لە ئیسلام هێنا؟

وەڵامی ئەمە هەرچەندە ڕەق بێت و، هەرچەندەش زامدارکردنی هەستی هەندێك بێت، لەبەر سپاردە گرانیی نووسین و لەبەر ئەو زیانە گەورەیەی کە لە موسڵمانەکان بە تایبەتیی و لە مرۆڤایەتیی بە تێکڕایی کەوت، ناچارم دان بنێم بە وەڵامی ڕاستدا.[1]

ئەوە بوو لەو سەردەمانەدا کە قورئان نەخشەی ژیانی موسڵمانەکان بوو، ئەوانەی کە خەریکی خزمەتی قورئان بوون دەستیان لە دنیا پەرستیی شۆردبوو، هەرئەوەندە ژیانیان ئەویست بتوانن خزمەتی قورئان بکەن. بتوانن دەستی مرۆڤەکان بگرن بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. جا کە ئەم بەڕێزانە بەم هیوا و ئامانجە پیرۆزەوە خزمەتی قورئانیان ئەکرد، بەبێ ئەوەی سامان وەدەست هێنان یا چاوبەست کردنی کۆمەڵیان هەبێت، خوا بەرەکەت و فەڕی ئەخستە ئیشەکەیانەوە و پۆل پۆل مرۆڤەکان شەیدای پەروەردەی قورئان ئەبوون و دەستیان پێوە ئەگرت، بەڵام بەرە بەرە ئەم دڵ گەرمییە نەما و ساردیی و سڕیی ڕووی کردە موسڵمانەکان و، ئەوانەی خۆیان بە هەڵگری قورئان ئەزانی بە مەرامەوە خزمەتیان ئەکرد، بۆیە قوتابیی شەیدای

(١) لە ڕاستییدا گەلێ شت بوونە هۆی کزبوونی ئیسلام و هەڵگەڕانەوەی ئادەمی یەکان بۆ سەر ڕێبازی نەفامیی دوای ئەوەی بۆ چەند صەدەیەك لێی ڕزگار کران، بەڵام هەرچۆن بێ ئەم هۆیە کە دیاریی ئەکەین کارێکی سەرەکیی ی هەیە لە باسەکەدا.

قورڕئانیش کەم بوویەوە و بە مەرامەوە نەبوایە لێی نزیك نەئەکەوتنەوە. ئیتر هەرکەسێ تواناى ژیانى نەبوایە، پەناى ئەبردە بەر حوجرە تا پاروویە نان بۆ دوا ڕۆژى خۆى بپچڕێنێ[1]..

بەڵێ گەیاندنى قورئانى پیرۆز بووە کاسبیى کردن تا هەندێکی بەسەرەوە بژین. هەر قوتابی یەك ڕووى بکردایەتە مزگەوت ئەبوایە بەراتەکەی مامۆستاى سورەت لە دواى سورەت ئامادە بکردایە!

قورئان فرۆشرا بە پارە!

تەنها ئەوانەی پارەیان هەبوایە قورئان بە نیوە چڵ فێر ئەکران..

هەرچی پارەی تیا بووایە تەنها ئەوە ئەخوێنراو و تەنها لەوەش باس ئەکرا..

بەم شێوەیە نەگبەتیی رووى کردە سەرانسەرى جیهانی ئیسلامیی، ئیتر فەرمایشتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرى خوایان صلی الله علیه وسلم لەبیر چوونەوە کە هەڕەشە ئەکەن لەوانەی لەپاڵ قورئاندا ئەژین، کە ئەمەتا بۆ نموونە یەکێکیان ئەخەینە پێش چاو[2]..

طەبەرانیی و حاکم و بەیهەقیی لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە - خوا لێی ڕازی بێت - ئەگێڕنەوە فەرموویەتی: کە پێغەمبەرى خوا صلی الله علیه وسلم دەستی بگیرایە و پیاوێك کۆچی بکردایە بۆ لاى پێغەمبەرى خوا صلی الله علیه وسلم ئەیدایە دەست پیاوێکمان

---

(١) تاك و تەرا زاناى موسڵمان لێرە و لەوێ بوون کە خەمخۆرى ئیسلام بن بە تێگەیشتنەوە. بەڵام بێ پەیوەندی یان و کەم زانیاری یان و بێ ئاگایی یان لە وەزعی جیهانی ئیسلامیی بۆتە هۆى بێ ئەنجامییان و کوژانەوەی ترووسکەى ڕۆشنایی یان.

(٢) بۆ ئەم باسە سەیرى پەڕاوى (حیاة الصحابة: ب٣ / لا ٢٦٠-٢٦٣) ی (محمد یوسف الکاندهلوی) بکە.

تا قورئانی فێر بکا، جا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پیاوێکی دایە دەستم کە لەگەڵما لەماڵەوە ئەمایەوە و نانی ئێوارەمان ئەخوارد و قورئانم فێر ئەکرد، لە دواییدا چووەوە بۆ ناو ماڵ و منالی خۆی، جا وەکو خۆی بە قەرزار بزانێ تیر و کەوانێکی پێشکەش کردم کە لەوە چاکتر و ڕاستترم نەدیبوو، منیش هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و وتم:

بەلاتەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرمووی: پشکۆیەك لە ئاگرە لەناو شانتا ئەگەر بیکەیتە ملت!

ئەمەیە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بەوانەی قورئان بە پارە و سامان و بەرژەوەندیی تایبەتیی بڵاو ئەکەنەوە..

لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە:

**یەکەم:** هەموو ماڵێکی کۆمەڵی مسوڵمان بریتییە لە قوتابخانەیەك بۆ فێرکردنی قورئان و هەموو ئەندامێکیشی مامۆستای فێرکردنی قورئانە..

**دووەم:** هەموو ئەندامێکی کۆمەڵی موسڵمان شارەزای قورئانە و مەگەر تازە پێگەیشتووان وە یا یەکێ تازە هاتبێتە ڕیزی مسوڵمانەکانەوە پێویستیی بە فێرکردنی قورئانی پیرۆز هەبێ..

# ڕەفتاری موسڵمانی هۆشیار

عەبدوڵڵا خێر و بێری ڕژا بەسەرا و بووە قوتابیی قورئان. بوە هەڵگری زانیاریی قورئان. بۆیە مێشك و دڵ و دەروونی خۆی پێ زاخاو داو موسڵمانێکی تێ گەیشتووی لێ دەرچوو تا بە هیچ بارێکا لا نەدا و بە کەس لە خشتە نەبرێ و سەری لێ نەشێوێ و بتوانێ بەرگەی ڕووداوە جۆر بە جۆرەکانی ژیان بگرێت. ئەوە بوو دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، و لە کاتی هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبوبەکردا موسڵمانەکان وەختە بوو تێك بچن. ئەمیش مەردانە ژیریی و سەلیقە و زانیاریی خستە کار و داوای یەکێتیی و برایەتیی کرد لە موهاجیر و ئەنصارەکان تا بە هەموویانەوە پارێزگاریی لە قەڵای ئیسلام بکەن و ئەو بینایەی کە بە ڕەنجی خوێناوی چەند ساڵەیان بنیاتیان ناوە بە دەستی خۆیان نەیرووخێنن و بەڵکو زیاتر هەوڵ بدەن و بۆ جیهادی کافران قۆڵ هەڵماڵن و پشت بە خوا لە سایەی قورئانا دەست بکەنە ملی یەك تا قەڵای ستەم و ستەمکاریی جیهانیی بڕوخێنن و ئادەمیزاد لە سەرانسەری زەوییدا ڕزگار بکەن. ئەوانیش - خوا پاداشتیان بداتەوە - بەپێی ئەم ئامۆژگارییە ڕەفتاریان کرد.

خەلیفەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خوا لەوانیش رازیی بێت زۆر ڕێزی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیان ئەگرت.

ئەوە بوو خەلیفە عومەر سەروکاریی ( بیت المال )ی کووفەی پێ سپارد و جا کاتێ ناردی بۆ کووفە ئەمەی بۆ دانیشتووانی نووسی: (( بەو خوایەی کە جگە لەو خوایەکی تر نییە لەبەر ئێوە لە خۆمم کردووە، هەتا ئەتوانن سوودی لێ وەربگرن و کاروباری دینی لێوە فێر ببن )).

دانیشتوانی کووفە عەبدوڵڵایان بە شێوەیەك خۆش ویستووە، هیچ کار بە دەستێك وا خۆش نەویستراوە لەلایەن هەموو دانیشتوانەوە کە هەریەکەیان گیای کەژێکی ویستووە.

بۆیە کاتێ خەلیفە عوثمان خوا لێی ڕازیی بێت ویستی کاربەدەستێتی کووفەی لێ بسێنێتەوە، دانیشتووان بە جارێك وتیان لای ئێمە دانیشە و بەجێمان مەهێڵە ئێمە پارێزگارییت ئەکەین و نایەڵین هیچ خراپەیەکت بێتە ڕێ..

بەڵام تێگەیشتنی ئەوان لە کوێ و تێگەیشتنی عەبدوڵڵا لە کوێ؟ چۆن ئەو ئەبێتە مایەی ئاژاوە؟ سەربازی موسڵمان چۆن ئەبێ لەبەر بەرژەوەندیی خۆی لە فەرمانی فەرماندە یاخیی ببێت؟ جا ئیتر کامەیە گوێڕایەڵیی؟ یان کامەیە سەربازی خوا؟ بۆیە فەرمووی:

(( پێویستە لەسەرم گوێڕایەڵیی بۆ بکەم، ئەگینا ئاژاوە دروست ئەبێت، منیش حەز ناکەم من یەکەم کەس بم دەرگای ئاژاوە بخەمە سەرپشت )).

سەربازەکانی قورئان بە گەورە و بچووکیانەوە هەریەکەیان خشتێکی پۆڵا بوو بۆ پێکهێنانی قەڵایەکی بێ وێنە، بێ ئەوەی هیچ

خشتێکیان جێ بەسەر یا بەخواری خۆی لێژ بکات. ڕەفتی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەبێ وابێت، کە بریتییە لە گوێڕایەڵییەکی بێ ئەندازە، وە تەنها لەکاتی یاخیی بوون و لاداندا - یاخیی بوون و لادانێکی دەست ئەنقەست - مل پێچیی پێویستە، ئەویش بە دانایەتیی و بەپێی بەرژەوەندیی ئیسلام..

هەتا جارێکیان وتووێژ و ناکۆکی یەك کەوتە نێوان عوثمان و عەبدوڵڵا تا مووچەی عەبدوڵڵا لە ( بيت المال ) وەستێنرا، لەگەڵ ئەوەشا تاقە وشەیەکی خراپ و نەشیاوی بە عوثمان نەوت، بەڵکو لە هەموو هەڵوێستێکا بەرگریی لێ ئەکرد، چونکە بە تێگەیشتنێکی موسڵمانانە ئەیزانی ئەوانەی دژی عوثمان ئەوەستن، جوولەکەی دەم موسڵمانن خۆیان کردووە بە ناو مۆڵگای ئیسلامییدا بۆ زیان گەیاندن بە دینی ئیسلام، وە ئەیزانی هەر ئەوانەشن ناکۆکیی ئەخەنە نێوان خەلیفە و کاربەدەستەکانییەوە، بۆیە کاتێ هەوڵی شەهیدکردنی عوثمانی کەوتە گوێ، ئەم وتە شیرینەی فەرموو:

(( ئەگەر بیکوژن لەو چاکتر ناخەنە شوێنەکەی )).

واتە: کێیان ئەوێ لە عوثمان چاکتر بێت؟

عەبدوڵڵا باوەڕی بە پاکیی عوثمان دامەزراو بوو، ئەوانەش کە شەهیدیان کرد بە تەمابوون رزگاریان ببێت لە دەستی خەلیفەی دڵسۆز، کەچیی سەیریان کرد ئیمام عەلیی کرا بە خەلیفە، بۆیە کەوتنە دروست کردنی ئاژاوە دژی خیلافەتی ئەویش..

یەکێ لە هاوەڵانی عەبدوڵڵا ئەڵێ:

(( هەرگیز لە دەمی عەبدوڵڵا وشەیەکم نەبیستووە دژی عوثمان)).

عەبدوڵڵا ئەوەندە لە خزمەتی قورئانا مابۆوە، ڕاهاتبوو تا بە هیچ شێوەیەك لە فەرمانەکانی ئیسلام یاخی نەبێت. تا دەست لە هەموو کارێکی خراپ بشوات و تەنها مەبەستی ڕاستیی بێت و هەرچیی ڕاست بێت بێ پێچ و پەنا بیڵێت.

جارێکیان لەگەڵ جەنازەیەکا ئەبێت ئەبینێ وا پیاوێك پێئەکەنێ، عەبدوڵڵا زۆری پێ ناخۆش ئەبێ، ئەڵێت:

تۆ وای لەگەڵ جەنازەدا و پێش ئەکەنی؟ بەخوا هەرگیز قسەت لەگەڵا ناکەم..

جارێکی تریش عەبدوڵڵا لەگەڵ پیاوێکدا بۆ سەردان لە نەخۆشێك ئەچێتە ماڵەوە و ئافرەتێکیش لە ماڵەکەدا ئەبێت، یەکێ لە پیاوەکان خەریك بوو تەماشای ئافرەتەکەی ئەکرد، عەبدوڵڵا بێ پێچ و پەنا و ڕووپامایی بڕیاریی ئیسلامیی دا بە گوێیا و وتی: ئەگەر چاوت بتەقییایە بۆت چاکتر بوو لەمە.

عەبدوڵڵا برایەکی بووە ناوی عوتبە بووە خوا لێی ڕازیی بێت کاتێ دەنگ و باسی مەرگی ئەم برایەی ئەبیستێ، دەست ئەکا بە گریان. پێی ئەڵێن: ئەوە ئەگرییی؟ لە وەڵاما ئەڵێ: ئەمە سۆز و خۆشەویستی یەکە کە خوا درووستی کردووە، ئادەمیزاد ناتوانێ بەرهەڵستیی بکا، وە ئەڵێ: ئەمە برای دایك و باوکییمە و هاوەڵمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم و، ئەمەی کە ئەو بمرێت و من داوای پاداشت بکەم لە خوا لام خۆشەویستتر نییە لەوەی کە من بمردمایە و ئەو داوای پاداشتی لە خوا بکردایە!.

بە وێنەی ئەم هەڵوێستە ڕێك و پێکانە عەبدوڵڵا ژیانی ڕازاندبۆوە. ئەمەش دیارە لەو هاوەڵێتی یەوە دەستی کەوتووە کە لەگەڵ

پێغەمبەری ئازیزدا صلى الله عليه وسلم بردییە سەر. چونکە هەمیشە لە خزمەتیا بوو و لێی جیا نەئەبوویەوە. بۆ هەر کوێ بچوایە لەگەڵیا بوو، ئەگەر بخەوتایە هەڵی ئەستاند وە ئەگەر خۆی بشۆردایە دای ئەپۆشیی و، دار دەست و سیواکەکەی بۆ هەڵئەگرت و، لەگەڵیا ئەچووە ژوورەوە. دەست پاکیی و ئەمینداریی عەبدوڵڵا گەیشبووە رادەیەك کە لەناو هەموو موسڵمانەکانا پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم ماوەی ئەوی دابوو کە هەر کاتێ بیەوێ بچێتە ژوورەوە لای، بێ ئەوەی کات و ساتی بۆ دیاریی بکات و، هەموو نهێنییەکی پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم بزانێ هەتا ناونرابوو بە خاوەنی نهێنیەکانی پێغەمبەری خوا..

هەر ئەم هەڵس و نیشتەی بوو وا ئەم کارە گەورەی کردە سەر خوورەوشتی، تا ئەوپەڕی پلە خۆی و دڵ و دەروونی بە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پەروەردە بکا و، بە ڕەفتارە بێ وێنەکانی، جم و جووڵی خۆی بڕازێنێتەوە، بۆیە پێی ئەوترا: ئەو لە ڕەفتار و ڕەوشتا نزیکترین کەسە کە لە پێغەمبەری خوا بچێت..

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم عەبدوڵڵای زۆر خۆش ئەویست، هەروەها زۆر جێگای بڕوا بوو لە لای، ئەوەتا ئەفەرموێ:

(( ڕازییم بە هەر شتێ بۆ ئوممەتەکەم کە عەبدوڵڵا ڕازیی بێت بۆی و، ناڕازییم لە هەر شتێ بۆی کە ئەو ناڕازیی بێت بۆی ))..

وە لە فەرمودەیەکی تردا ئەفەرموێت:

(( دەست بگرن بە پەیمانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە و شوێن پێی عەمماری کوڕی یاسیر هەڵگرن ))..

عەبدوڵڵا ئەوەندەی بەسە کە پێغەمبەر خوا صلی الله علیه وسلم بە موسڵمانەکان بفەرموێ:

(( قورئان لە چوار کەس وەرگرن: لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و موعاذی کوڕی جەبەل و ئوبەی کوڕی کەعب و، سالیم خزمەتکاری ئەبوحوذەیفە ))..

وە بفەرموێ:

(( ئەگەر کەسێکم بەبێ ڕای موسڵمانەکان بکردایە بە ئەمیریان، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودم ئەکرد )).

بەڵام عەبدوڵڵا بەم تێکەڵی و ڕێز لێ گرتنە واتێ نەئەگەیشت کە ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ پێغەمبەردا ئەداتە سەر، بەڵکو لە هەموو کەس زیاتر شەرمی لێ ئەکرد و ڕێز و شەرم لێ کردنی لە پێغەمبەری خۆشەویستی صلی الله علیه وسلم گەیشتبووە ڕادەیەك هەتا دوای کۆچکردنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر بە دەگمەن ناوی ئەبرد، خۆ ئەگەر ناوی ببردایە لەشی ئەهاتە لەرزە و تێك ئەچوو و عەرەق لەنێو چاوانیدا جۆگەلەی ئەبەست نەوەکو لەو فەرمایشتەیدا پیتێك بخاتە شوێن پیتێکی تر!!

عەلقەمەی کوڕی قەیس، کە یەکێکە لەو مامۆستا شارەزایانەی کە بەدەستی عەبدوڵڵا لە کووفەدا پێگەیشتووە، ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دوای نوێژی عیشای هەموو پێنج شەممەیەك ئامۆژگاریی موسڵمانەکانی ئەکرد، لەهیچ ئێوارەیەکدا نەمبیست ناوی پێغەمبەری خوا بەرێت جگە لە تاقە جارێك، سەیرم کرد خۆی داوە بەسەر داردەستێکا و داردەستەکەش کەوتۆتە لەرزە و جم و جووڵ..

تا ئەم ڕادەیە عەبدوڵڵا ڕێزی پێغەمبەری لەلابوو، چونکە ئەوەی ئەو بە پێغەمبەریەوە دیبوو و لێیەوە بیستبوو وەعای پەروەردە کردبوو کە هەتا هەتایە شەرمی لێ بکا و بە پێشەوایەکی گەورە و بەڕێزی خۆی بیزانێ، هەتا دوای مردنیشی!.

# ئامۆژگاریی و پەروەردە

لە پاڵ بەخششی خواناسیی و زانییندا، خوای گەورە دانایەتیی و ژیریی و ڕەوانبێژیی بە عەبدوڵڵا بەخشیی بوو، بۆیە کە سەرنجی ئامۆژگارییەکانی ئەدەین، هەست بە دووره بینیی و وردیی ئەکەین.

عەبدوڵڵا لە سایەی ئیسلاما بووە پیاوێکی نازدار. بووە هەڵگری بانگەوازی تازە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك خۆشیی و ڕابواردنی ئەم جیهانە و کۆکردنەوەی سامان و دارایی نەئەهات بە بیریا، هەرچەندە دەسەڵات و پایە و پلە دەورەی دابوو، ئەو هەر بە پێی پرۆگرامی ڕاست و ڕەوانی خوا نەخشەی ئەکێشا بۆ ژیانی مرۆڤ..

پەروەردەی قورئانیی خۆنەویستن و ئارەزووپەرستنی لە دڵ و دەروونیا ڕیشەکەن کردبوو، هیچ ئاوات و مەبەستێکی ئەم جیهانەی نەبوو جگە لە تەنها ئاواتێك، ئەویش ئەمەیە کە خۆی ئەیگێڕێتەوە:

(( لە غەزای تەبووکدا لەگەڵ لەشکری پێغەمبەردا بووم، نیوەشەو هەڵسام، لەلایەکی ئۆردووگاکەوە چاوم کەوت بە بڵێسەی ئاگرێك، سەیرم کرد پێغەمبەری خوا و ئەبوبەکر و عومەرن، وە عەبدوڵڵای کوڕی مەزنیی کە بە (( ذوالجادين )) ئەناسرا وا مردووە و ئەوانیش

خەریکن قەبریان هەڵکەندووە بۆی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی دابەزیوەتە خوارەوە ناو قەبرەکەوە و ئەبوبەکر و عومەریش بۆی دائەهێڵنە خوارەوە و، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەیفەرموو:

(( براکەتانم بۆ دابێڵنە خوارەوە )).

ئەوانیش دایان هێلایە خوارەوە، جا کاتێ خستیە قەبرەکەوە فەرمووی:

(( خوایە من لێی ڕازیم، داواکارم تۆش لێی ڕازی بیت )).

جا خۆزگە خاوەنی ئەو قەبرە من بوومایە )).

عەبدوڵلا باسی گەورەیی خوامان بۆ ئەکا و ئەڵێ: (( پەروەردگارتان شەو و ڕۆژی بۆ نییە، ڕوناکیی ئاسمانەکان و زەویی لە ڕوناکیی ئەوەوەیە )).

بە شێوەی مسوڵمانێکی بڕوا دامەزراو هەڕەشە ئەکا لەوانەی کە نەخشە بۆ خوا ئەکێشن و، بە نەخشەکانی ناڕازیین، بۆیە بەوانەی دەوروبەری ئەڵێ:

(( هەر یەکە لە ئێوە پشکۆیە ئاگر بخاتە دەمیەوە چاکترە بۆی تا بە کارێك کە خوا بڕیاری لەسەر دابێ بڵێ: کاشکی ئەمە وا نەبوایە )).

وە بە وێنەی مسوڵمانێکی هۆشیار و تێگەیشتوو لە مەبەستی ژیانی ئیسلامیی ئەڵێ:

( ڕقم لەو پیاوەیە بەبێ کار بسوڕێتەوە، ئەوەی کە نە خەریکی ئیش و کاری ئەم جیهانەیە، وە نە خەریکی ئیش و کاری ئەو جیهانە )).

ئەوەتا لەبارەی سنگ فراوانیی مسوڵمان و دڵ گوشادییەوە ئەڵێ:

(( باشترین دەوڵەمەندیی دەوڵەمەندیی دەروونە و، باشترین توێشوو

لە خوا ترسانە، خراپترین کوێریی کوێریی دڵە و، گەورەترین گوناهـ درۆ کردنە، وە خراپترین کاسپیی سووخواردنە و، خراپترین خواردن ماڵی هەتیوە و، هەرکەس لێ بووردە بێت خواش لێی ئەبوورێت، هەرکەسێ چاوپۆشیی بکات خواش چاوپۆشیی لێ ئەکات )).

موسڵمانی صەدەی یەکەم ئەوەندە بە تەنگ ئەم ژیانە پڕ و پوچەوە نەبوون، بەڵکو هەموو ئاوات و ئارەزویەکیان ڕەزامەندیی خوا بوو، ئامانجیان لەم ژیانە تەنها ئەوە بوو توێشووی باش و پڕ بپێچنەوە بۆ ئەوەی لە ڕەزامەندیی خوا بێ بەش نەبن و لە ئێش و ئازاری سزای سەختی دۆزەخ رزگاریان نابێت.

پاشان ئەوەندە بە تەنگ وەرگرتنی کردەوەکانیەوەیە لە لایەن خواوە ئەڵێ:

(( ئەگەر بزانم خوا یەك کردەوەی چاکەم لێ وەرئەگرێ پێم خۆشترە لەوەی پڕی زەویی ئاڵتوونم هەبێ )).

هەر بۆ ئەوەی خوای گەورە نەڕەنجێ و بەندایەتیی موسڵمان وەرگرێ، ئەم ئامۆژگارییە ئەکا و ئەڵێ:

(( بەو خوایەی کە جگە لە خۆی خوایەکی تر نیە لەسەر زەوییدا شتێ تر نیە لە زمان زیاتر پێویستی بە بەند کردن و بەستنەوە هەبێت)).

هەروەها ئەڵێ:

(( ئاگادارتان ئەکەم لە قسە کردنی زۆر، هەریەکەتان ئەوەندە قسەی بەسە کە پێویستیی خۆی جێ بەجێ بکا ))...

جا به شێوەی باوکێکی دڵسۆز سێ ئامۆژگاریی کوڕەکەی ئەکا و ئەڵێ:

(( کوڕە شیرینەکەم ! ئامۆژگارییت ئەکەم بەوەی کە شەرم و شۆ لە خوا بکەیت و بەپێی بەرەکەت پێ ڕابکێشیت و، بۆ تاوان و هەڵەکانیشت بگرییت )).

عەبدوڵڵای خواناس ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی بە دەرکەوتنی شتی داهێنراو ( بدعة ) ئەکرد کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی یان بە ئیسلامی پاڵفتەوە نەبوو، بۆیە بە وێنەی موسڵمانێکی دڵسۆز هەوڵی ئەدا تا فەرموودەی خوا و پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەناو کۆمەڵا بڵاوبێتەوە و داهێنراوەکان لەناو بەرێ کە وەك ئەڵێ:

(( الإقتصاد في السنة أحسن من الإجتهاد في البدعة )).

لە ڕاستییدا شتی داهێنراو و زیادکراو بۆ دین زۆر زیانی هەیە بۆ ئیسلام و بۆ موسڵمانانیش، چونکە شێوە شیرینە ڕاستەقینەکەی ئیسلام ئەکا بە ژێرەوە و ماوەی موسڵمانیش نامێنێ تا خەریکی فەرز و سوننەت بێ..

عەبدوڵڵا زۆر چاك لە ژیان گەیشتبوو. ئەو ژیانەی کە بریتیی بێ لە کردەوەی چاك نەك بەرژەوەندیی تایبەتیی، ئەوەتا بەو پەڕی پێ خۆش بونەوە پێشوازیی لە دوو شتی لە خەڵك بێزراو ئەکا کە (مردن و هەژارییە). بەڵێ مردن بۆ موسڵمانێ کە پەیوەندیی بە پەروەردگارەوە نەپچڕابێ بریتییە لە ڕزگار بوون لە ژیانی پڕ لە تاڵیی و سوێریی و گەیشتن بە ژیانی پاك و بێ گەردی بەهەشت. پاشان سوێند ئەخوا بەخوا کە باکی نییە بە دەوڵەمەندیی یا بە هەژاریی تاقیی بکرێتەوە. چونکە ئەگەر دەوڵەمەندیی پێ بدرێت ئەوە ماوەی بەکارهێنانی ڕەحم

و بەزەیی دەست ئەکەوێ، وە ئەگەر هەژاریش بێ ئەوە ماوەی ئارام و دان بەخۆداگرتنی دەست ئەکەوێ، چونکە ژیان بریتییە لە پیاوەتیی و جوامێریی..

پاشان خۆنەویستنی لە پاڵ ڕاستیی ویستییدا ئەگاتە ڕادەیەك کە بڵێ:

(( هیچ موسڵمانێك ناگاتە ڕاستێتیی ئیمان هەتا نەگاتە چڵە پۆپە، وە ناگاتە چڵە پۆپە تاوای لێ نەیەت کە هەژاریی بەلاوە خۆشەویستتر بێ لە دەوڵەمەندیی، وەبێ پایەیی بەلاوە خۆشەویستتر بێ لە پایەداریی، وە ئەوەی کە بەچاکە ناوی ئەبا و ئەوەش بە خراپە ناوی ئەبا بەلایەوە یەکسان بن )).

جا هاوەڵەکانی ئەمە شیی ئەکەنەوە و ئەڵێن: کە هەژاریی لەگەڵ حەڵاڵدا بەلاوە خۆشەویستتر بێ لە دەوڵەمەندیی لەگەڵ حەرامدا، وەبێ پایەیی لە گوێڕایەڵیی خوادا بەلاوە خۆشەویستتر بێ لە پایەداریی لە ملپێچیی خوادا. وە ئەوەی کە بە چاکە ناوی ئەبا ئەوەش بە خراپە ناوی ئەبا، لە دەرخستنی ڕاستییدا، بە لایەوە یەکسان بن.

عەبدوڵڵا بەپێی بیری تێگەیشتووی لە قورئان، دای ئەنێ کە ژیان بریتییە لە موسڵمان بوون و بەردەوام بوون لەسەر ئیسلام، کەواتە مردنیش بریتییە لە پێچەوانەی ئەمە، بۆیە ئەڵێ:

(( بەو خوایەی کە جگە لە خۆی خوایەکی تر نییە، هیچ موسڵمانێك تووشی زیان نابێت بەوەی لە دنیادا هەرچیی بێتە ڕێی بە مەرجێ بەیانی و ئێوارانی بە سەرا بڕوا و ئەو لەسەر ئیسلام دامەزراو بێت )).

پاشان ئامۆژگارییەکی جوانی خواناسان ئەکا، ئەو خواناسانەی کە ئامادەن ژیانیان تەرخان بکەن بۆ خواپەرستیی و گەیاندنی بەرنامەی خوا بە مرۆڤایەتیی، پێیان ڕائەگەیەنێ دڵی موسڵمان هەمیشە لە یەك دەقا نییە، جاری وا هەیە زۆر ئامادە و گوێڕایەڵە و جاری واش هەیە زۆر سەرکەش و لووت لارە، جا پێویستە موسڵمان ئەو کاتانەی کە دڵ هۆشیارە بە هەلیان بزانێ و لە کیسیان نەدا و بە خواپەرستی یەوە خەریك بێت، وە لەوکاتانەشدا کە دڵ بێزار و بێ تاقەتە واز بێنێ چونکە کەڵك وەرناگرێ..

جارێکیان کۆمەڵێك پیاو ماقووڵی ناموسڵمان دێنە لای عەبدوڵڵا، ئەوانەی کە بە چاوەوە ئەبن سەریان لە مل ئەستوریی و تەن دروستی یان سوور ئەمێنێ، عەبدوڵڵاش بە چاوەوە ئەبێت و لە دواییدا پێیان ئەڵێت: ئەبینن کافر لاشەی ساغ و دڵی نەخۆشە، وە ئەشبینن ئیماندار لاشەی نەخۆش و دڵی ساغە، سوێند ئەخۆم بە خوا ئەگەر دڵتان نەخۆش بکەوێت و تەن دروست بن، ئەو کاتە بەلای خواوە لە قالۆنچە بێ بایەختر ئەبن..

عەبدوڵڵا مەبەستی ئەمەیە کافر هەمیشە خەمخۆری لاشەیەتی لەسەر حیسابی دڵ و ڕۆحی، بەڵام موسڵمان بە پێچەوانەوە خەمخۆری دڵ و ڕۆحیەتی لەسەر حیسابی لاشەی. چونکە ساغیی دڵ و ڕۆحە ئەبێتە مایەی ئاوەدان کردنەوەی سەر زەویی و حەساندنەوەی مرۆڤایەتیی، وەك ئەو هەڵمەتە ڕزگارییەی کە موسڵمانەکان بردیانە سەر ستەمکارانی ئەو ڕۆژەی جیهانی ئاوەدانکراوە، بە پێچەوانەی ئەورووپاییەکانەوە کە پەروەردەی دڵ و دەروون و ڕۆحیان خستە پشت گوێ و ئەو هەڵمەتە ناپیاوانەیان هێنایە سەر گەلە داماوەکان کە هەموو کەسێ ئاگای لێیەتی.

ئەمەیە هەركاتێ موسڵمانەكان كەوتنە شوێن ڕێباز و پەروەردەی كافران وەك ئەوان دەستیان لە قیامەت شۆریی بۆ دنیا. بۆ خواردن و خەوتن، ئەوە لە هەموو مێروویەك بێ نرختر ئەبن بە لای خواوە و دەستیان لێ بەر ئەدا تا هەموو سەگ و گورگێ سەریان تێ كەن.

دیارە عەبدوڵڵا خوا لێی ڕازیی بێت ئەم وانەیەی لای پێغەمبەری مامۆستای صلی الله علیه وسلم خوێندووە كە ژیانی تەرخان كردبوو بۆ ڕۆشن كردنەوەی دڵان و ژیانی خۆی و ماڵ و خێزانی نابووە ئەولاوە!

دیسان ئامۆژگارییەكی تری بە نرخی خواناسان ئەكا تا كوێرانە نەنیشنە مل و شوێنی ئەم و ئەو نەكەون كە ئەڵێ:

(( هیچ یەكێكتان شوێنی هیچ كەس نەكەوێت، ئەگەر ئەو ئیمان بێنێ ئەمیش ئیمان بێنێ و گەر كافر بوویەوە كافر بێتەوە. خۆ ئەگەر هەر ئەبێ ئیقتیدا بە كەسێ بكەن، ئەوا بە موسڵمانی مردوو ئیقتیدا بكەن، چونكە زیندوو ناتوانین لە هەڵگەڕانەوەی بێخەم بین )).

هەم لە وتەیەكی تریا دەری ئەبڕێ كە موسڵمان پێویستە لە قوڵایی دڵیا جێگیری بكا ئەگەر خەڵكیی كافر بوویەوە، ئەو لەسەر موسڵمانێتیی بەردەوام بێ..

وە ئەوەتا باسی عومەر ئەكا و ئەڵێ:

(( موسڵمان بوونی عومەر ڕزگاریی بوو، كۆچكردنی سەركەوتن بوو، وە كردنی بە ئەمیری ئیمانداران ڕەحمەت بوو )).

پاشان ئامۆژگارییەكی وردی تری موسڵمانەكان ئەكات تا ئاگایان لە خۆیان بێت ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنیان تەواو ئەبێت و بە پیری مەرگەوە ئەڕۆن و كردەوەكانیشیان یەك بە یەك هەڵئەگیرێن و مردنیش لە پڕێكا

یەخەیان پێ ئەگرێت، جا ئەوەی تۆوی چاکە بچێنێ، دیارە دروێنەی ئەوە ئەکات کە ئاوات و مەبەستی بووە، ئەوەش تۆوی خراپە بچێنێ دروێنەی پەشیمانیی ئەکات، وە هەموو کشتیارێك تەنها ئەوەی دەست ئەکەوێتەوە کە سەوزی کردووە، وە هیچ کەس ناتوانێ دەست پێشیی بکا لە بەشی ئەوەدا کە هێواش و لەسەر خۆیە، ئەوەش کە هەڵپەکەرە هەرچیی بۆ بڕیار نەدرابێ دەستی ناکەوێ جا هەرکەس چاکەیەکی دەست کەوت ئەوە خوا پێی بەخشیوە، هەرکەسیش لە خراپەیەك بپارێزرێت ئەوە خوا پاراستوویەتی، لە خواترسەکان سەردارن و، شارەزاکانی ئیسلام سەرکردەن، وە دانیشتن لەگەڵیانا زیادکردنی خواناسییە.

وتە شیرینەکانی عەبدوڵڵا تەواو نابن، بەڵام با بەم ئامۆژگارییەی کۆتایی یان پێ بێنین کە ڕوو ئەکاتە قوتابی یەکانی قورئان هەتا کەئەمان قورئانی پیرۆزیان کردووە بە ئامۆژگاری خۆیان و ئەو پلە بەرزەیان وەرگرتووە، بەبێ مانا لەکیس خۆیانی نەدەن کە ئەڵێ:

(( پێویستە هەڵگری قورئان بەشەو نوێژیا بناسرێت، لە کاتێکا کە خەڵك خەوتووە، وە بەڕۆژووی ڕۆژیدا کاتێ کە خەڵك بە ڕۆژوو نی یە، وە بە خەمبارییدا کاتێ کە خەڵك دڵخۆشە، وە بەگریانیدا کاتێ کە خەڵك پێ ئەکەنێ، وەبەبێ دەنگییدا کاتێ کە خەڵك خەریکی دەمەدەمێیە، وە بەڕێز و نەرم و نیانییدا کاتێ کە خەڵك خەریکی فیز و دەمارە، وە پێویستە هەڵگری قورئان گریان[1] و خەمباریی و نەرم و نیانیی و دانایەتیی و بێ دەنگیی پیشەی بێت. وە ناگونجێ هەڵگری قورئان دڵ ڕەق و وشك و بێ ئاگا و گاڵەگاڵ کەر و هاوار کەر و توند و تووڕە بێ )).

(١) لەبەر ترسی خوا، لە کاتێکا کە لەبەر دەمیا ئەوەستێ بۆ گفتوگۆ نەك لەبەر دەم نەفاماندا.

بەڵێ عەبدوڵڵای ڕاستگۆی خواناسی لە ئیسلام تێگەشتوو، بە فەرمانی خوا ژیا تا سەردەمی خەلیفە عوثمانی کوڕی عەفان خوا لێی ڕازیی بێت تا ئەوە بوو لە دوایین نەخۆشییدا خەلیفە سەری لێ داو فەرمووی:

+ دادی چیی ئەکەی؟

- گوناهەکانم.

+ ئەی حەز لە چیی ئەکەی؟

- بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەردگارم.

+ فەرمان نەدەم تا ئەو مووچەیەی کە چەند ساڵێکە وەری ناگری، بتدەنێ؟

- پێویستییم پێی نیە!!

+ لەدوای خۆت ئەمێنێتەوە بۆ کچەکانت..

- ئایا ئەترسی کچەکانم هەژار بکەون؟ فەرمانم پیا داون هەموو شەوێك سوورەتی ( الواقعة ) بخوێنن، من لە پێغەمبەری خوام بیستووە کە ئەیفەرموو: (( هەرکەسێ هەموو شەوێك سوورەتی ( الواقعة ) بخوێنێ هەرگیز تووشی هەژاریی و دەست کورتیی نابێت)).

کاتێ کە شەو داهات عەبدوڵڵا گیانی پاکی سپارد و چوو بۆ خزمەتی خوای خۆی، کە دوایین هەناسەی ناوی خواو فەرمایشتە شیرینەکەی بەسەر زاریەوە بوو.

ئەمەش لەشاری پێغەمبەری خوادا و لە ساڵی سیی و دووی کۆچییدا کە خەلیفە عوثمان، وە لە ڕیوایەتێکا عەمماری کوڕی یاسیر خوا لێیان ڕازیی بێت نوێژی بەسەرەوە کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا..

خوا لە هەمووتان ڕازیی بێت ئەی پێشڕەوانی ڕزگاریی ئادەمیزاد..

ئیتر سوپاس و ستایش هەر بۆ خوایە..

# سەرچاوەکان

| دانەر | پەڕاو |
|---|---|
| إبن حجر العسقلاني | الإصابة في تمييز الصحابة |
| إبن عبدالبر | الإستيعاب لمعرفة الأصحاب |
| الاصبهاني | حلية الأولياء |
| ابن الجوزي | صفة الصفوة |
| الكاندهلوي | حياة الصحابة |
| ابن هشام | السيرة النبوية |
| احمد بن حافظ الحكمي | القصص الإسلامية |
| أحمد محمد العليمي باوزير | مرويات غزوة بدر |
| **البوطي** | **فقه السيرة** |

| | |
|---|---|
| فقه السيرة | محمد الغزالي |
| الرسول القائد | محمود شيت خطاب |
| الرسول | سعيد حوى |
| الرسول في قلوب أصحابه | وليد الاعظمي |
| غزوة بدر الكبرى | باشميل |
| صور من حياة الصحابة / ٢ | عبدالرحمن رافت الپاشا |
| عبدالله بن مسعود | احمد عبدالجواد الدومي |
| علوم القرآن | أحمد كمال عادل |
| عبدالله بن مسعود | عبده الراجحي |

# ناوەڕۆك


پێشکەش.................................................................٦

پێشەکیی.................................................................٧

سپاردە.................................................................٩

لەپەنای کەعبەدا.................................................................١٢

سەرەنجامی نەفامان.................................................................١٨

قوتابیی قورئان.................................................................٢٨

ڕەفتاری موسڵمانی هۆشیار.................................................................٤٢

ئامۆژگاریی و پەروەردە.................................................................٤٩

سەرچاوەکان.................................................................٥٨

# عەبدوڵڵای
## کوڕی مەسعود

ئازیزەکانم! ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان لێوەی بەرێزیان خۆش ئەوێت چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان.. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکری گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی لێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵۆیان نایەتەدی..


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice
trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN
2000 دینار